# فرەواتایی پارتیکل لەزمانی کوردیدا

**ID No. 376**

(PP 327 - 345)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.1.20

**بیان ملاحمدامین**
بەشی کوردی، پەروەردە-مخمور، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
Bayan.hamadameen@su.edu.krd

**تاڵیب حسێن عەلی**
بەشی کوردی، پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
talib.husen@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2022/06/21**

**پەسندکردن : 2022/09/15**

**بڵاوکردنەوە : 2023/02/25**

**پوختە**

پارتیکل یەکێکە لەپۆلە فۆرمەکان لەزماندا ، کە دەچێتە نێو پۆلی وشە ئەرکییەکانەوە. هاتنی پارتیکل، بۆ گۆڕینی واتا لەسنوری ڕستەدا وەکو یەکێك لە تایبەتمەندییە سیمانتیکییەکانی خراوەتە ڕوو، بەپاڵپشت بەدەوروبەری زمانی و ژینگەی دەرکەوتنیان لەڕستەدا، ئەم بارە واتایە جیاوازە هۆکارێکە، بۆ خستنەوەی تەمومژی واتایی بەتایبەت خستنەوەی دیاردەی فرەواتایی، بۆیە هەوڵدراوە لەسنوری سیمانتیکدا تیشك بخرێتە سەر لایەنە سیمانتیکییەکانی پارتیکل و شیکردنەوەیان. وەکو پێویستیش بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بارە واتاییە دوو نمونە لە پارتیکل، کە سەر بەهەمان تایبەتمەندی سیمانتیکین وەرگیراوە، تا لەڕوانگەی ئەمانەوە واتاسیمانتیکییە جیاوازەکان لەسنوری ڕستەدا بخرێتە ڕوو،

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە، بۆ دیارخستنی لایەنی واتایی لەپارتیکل دا بەو پێیەی کەرەسەیەکی ئەرکین و خاوەنی واتایەکی کەمی فەرهەنگین.

**کلیلە وشەکان:** پارتیکل، جەختکردن، سنوردارکردن، فرەواتا.

## 1ـ پێشەکی:

فرەواتایی پارتیکل لەزمانی کوردیدا، ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە، کە تیایدا پارتیکل وەك کەرەستەیەکی ئەرکی بەئامانج گیراوە، دەرخستەکانی توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ ناساندنی پارتیکل وجۆر وتایبەتمەندییەکانی، واتە مامەڵەکردن لەگەڵ پارتیکل وەکو پۆلە وشەیەکی سەربەخۆ لەزماندا، مەبەست لێی خستنەڕووی لایەنی وەسفی و شیکاری بابەتەکەیە، هەروەها بەرجەستەکردنی ئەو دیاردە واتاییەی، کە لەپارتیکلەکاندا بەدیدەکرێت. ئامانجی  توێژینەوەکەش دیاریکردنی چوارچێوەیەکە بۆ پارتیکل، کە لەزمانی کوردیدا وەکو پێویست ئەمە بەرچاو نەدەکەوت، بەجۆرێك، کە پارتیکل وەکو بابەتێکی سەرەکی و گرنگ بەهەند وەرنەگیراوە، بەڵکو ئەو کەرەسانەی، کە هاوبەشییەکی ڕێزمانی تێکدەر لەنیوانیاندا بەدی بکرایە دەیان خستە ناو ئەم چوارچێوەیەوە، هەربۆیە ئەمەش بوو بەکارێکی پێویست بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، کە پارتیکل بەشێوەیەکی زانستی وبابەتیانە لەچوارچێوەی پۆلە وشەیەکی سەربەخۆ بناسێنرێ، لەگەڵ ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتە واتایی ورێزمانییانەی، کە لەسنوری زمانەکەدا بەدیدەکرێت. لەم توێژینەوەیەدا پشت بەمیتۆدی( وەسفی ـ شیکاری) بەستراوە.

توێژینەوەکە جگە لەپوختە و پیشەکی و ئەنجامی توێژینەوەکە بەسەر دوو پاردا دابەشکراوە:

ـ پاری یەکەمی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ ناساندنی پارتیکل، تایبەتمەندی پارتیکل، پاشان باس لەڕەفتارە سیمانتیکیەکانی پارتیکل کراوە.

پاری دووەمی توێژینەوەکە، تایبەتە بەپراکتیزەکردن وشیکردنەوەی دیاردە واتاییەکانی پارتیکل، بەدیاریکراوی فرەواتایی، لەگەڵ خستنە ڕووی نمونەی پێویست بۆ ئەم دیاردەواتاییە.

ئەنجامی توێژینەوەکەش لەچەند خاڵێکدا خراوەتە ڕوو.

## 2ـ پارتیکل ـ :Particle

یـەکێك لـەو پێـرەو و ڕێسـا گرنگانـەی، کـە مۆرفۆلـۆجی پابەنـدی دەبێـت دابەشـکردنی مۆرفۆلـۆجی بـۆ بەشـەکانیەتی، ئـەم دابەشکردنەش خۆی لەپەیوەندییە مۆرفۆلۆجییەکان وپێکهاتە مۆرفۆلۆجیەکان دەبینیتەوە، هەر ئەمانەش دەبن بەپێوەر بۆ پۆلکردنی پۆلەوشەکان (بەشەکانی ئاخاوتن باسی هەرە سەرەکی وشەسازین، لەهـەمو زمانێکـدا پەیـدادەبن و لەڕێگـەی سـێ تایبەتمەندییـەوە

لەیەکتری جیادەکرێنـەوە، کـە ئـەوانیش واتـاو گـۆڕان و بـەکارهێنانی سینتاکسـین)(حاجی مـارف: 2014: 55). لەزمانـەوانی دێرینـدا پۆلەوشەکان(بەشەکانی ئاخاوتن) لەسەر بنەمای واتا پۆلدەکران وجیادەکرانەوە، بەڵام لەزمانەوانی نوێدا بەپێی پێوەری مۆرفۆلۆجی و سینتاکس جیادەکرێنەوە، واتە لەسـەر بنـەمای ڕەفتارە ڕێزمانییـەکانیان پـۆل دەکـرێن، بەمەش(هـەموو ئـەو بەشـداربوانەی، کـە دەکەونـە گروپێکـەوە دەبێـت هـەمان سیما و تایبەتمەنـدی سینتاکسی و مۆرفۆلۆجیـان هـەبێت)(Crystal:1992:420), (ئامـانجی زمانەوانی نوێیش ئەوەیە، کە وشەکان دەبێت بەگروپ بکرێن و هەر وشەیەك بخرێتە هـەر گروپێکـەوە دەبێـت بـەپێ ڕەفتاری ئـەو گروپەیە کار بکات، چونکە هەموو ئەو ڕەفتارەڕێزمانیانەی کە بەسەر یەکێك لەئەندامەکانی ئەو گروپـە دەچەسپێت، دەبێـت هـەمو ئەندامەکانی تری گروپەکەش هەمان ڕەفتار پەیرەو بکـەن) (Crystal:2006:244). بـەم پێیەش(بەشـەکانی ئاخـاوتن بـریتین لەچەنـد گروپێـك لـە وشـە)( ئـەمین: 2009: 363). ئەگـەر لەدیدگەیـەکی مێژووییـەوە، بـۆ ئـەم پۆلکردنانـە بـڕوانین ئـەوا (ئەودابەشـکردنە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی"دیونی سیۆس تراکس"ئەو لەڕێزمانێکدا کە نزیکەی سەد ساڵ بەر لەزاین بۆ زمانی یۆنانی دانا، جۆرەکانی وشـەی بەهەشـت بـەش دانـا، دوایـە ڕۆمییـەکان ئەودابەشـکرنەیان بەسـەر زمـانی لاتینـدا دابەزانـد)( بـاتینی: 1993: 68). بەمەش(سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ گریك"یۆنانییـەکان"و لاتینی"ڕۆمانی"یـەکان، کـە زۆربـەی زمانـەکان هـەر ئـەم دابەشـکردنەیان وەرگـرت بـە هەنـدێ دەسـکاری و هەموارکردنـەوە)( Matthews:2007:288). کەواتـە (یەکـەم هـەنگاوی زانسـتی بـۆ وشـەکان وداریکردنی جۆری جیاوازی وشەکان لەزماندا بەدەرکەوت، ئەم داریکردنی جۆری جیـاوازی وشـەکان بـۆ قسـەپێکەرانی ڕەسـەنی زمان بەکارێکی ئەستەم دانانرێت بەتایبەت ئەگـەر لەسـەر بنـەمای بـەکارهێنانی ئـەو وشـانەبێت و زانینـی کـارکردن و بـەکارهێنانی وشەکان کارەکە ئاسانتر دەکات، ئەمەش لەڕێگەی ئەو زانیارییەزمانیانەی، کە قسەکەر لـەبارەی زمانەکـەی هەیـەتی هاوکـار دەبێـت لەجیاکردنەوەی وشەکان و داهینانی وشەی نوێش)( Radford &others:2010:129). یەکنەبوونی بۆچونەکان لەسـەر جیاکردنـەوەی بەشەکانی ئاخاوتن هۆکارێك بوە بۆ مشتومڕی گەورە لەهەریەك لەتیوری زمانـەوانی گشـتی و شـیکردنەوەی زمانـە جیاکراوەکانـدا، ڕێزمان نوسەکانیش بەشێوەیەك مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشەیەدا دەکەن، کە جیاوازبوون و هاوڕابوون لەدابەشکردنی ئاخاوتن بەپێوەرە جیاوازەکانەوە لەبەرچاوبگرن، سەرەتای دابەشکردنی بەشەکانی ئاخاوتن و داریکردنی بەشە ئاخاوتنی پارتیکل بۆ زمانەوانێکی ڕوسی دەگەڕێتەوە بەناوی"ف.ڤ .ڤینۆگرادۆڤ"، دواتر(هۆکێت"C.F.Hoket" لەسـاڵی 1950پـارتیکلی دیـاریکرد و پێـی وابـوو هـەموو ئـەو فۆڕمانەی، کە گەردان ناکرێن پارتیکلن)( Mattews:2007:289). بەڵام لەزمانەوانی هاوچەرخدا پارتیکل وەکو بەشەئاخاوتن لەلایەن زمانەوانان ئاماژەی بۆ کراوە لەوانـە(هنری سـویت"H.Sweet" لەدابەشـکردنی بەشـەکانی ئاخـاوتن لەزمانـەوانی هاوچـەرخی زمـانی ئینگلیزیدا ئاماژە بۆ ئەم بەشانەدەکات "ناو، ئاوەڵناو، کار، پارتیکل")( Swan:1998:35-38) و(جسپرسن هەر یەك لەناو و ئاوەڵناو و کـار و جێنـاو و پارتیکـل دیـار دەکـات)] Jespersen:1935:58-60). ئـەوڕەحانی حـاجی مارف(بەشـەکانی ئاخـاوتنی بـۆ"10" بـەش دیاریکردووە، کە دوابەشیان پارتیکلـە)( حـاجی مـارف: 2014: 59)، لەڕوانگـەی مەکارۆسیشـەوە هـەموو ئەوبەشـەئاخاوتنانەی، کـە دەچنە خانەی ئامرازەوە، تەنانەت ئاوەڵکارەکانیشی بەپارتیکل دانـاوە، لەوانە(سەرسـورمان، بەسـتنەوە، پـرس، ژمـارە، پـێش بەنـد، ئاوەڵکـار، نیشـانە، ئـا. گەیەنـەر)( McCarus:1958:71). هەرچەنـدە (لـەکتێبی ڕیزمـان" Grammer"، کـە لەلایـەن ڕێزمـان نوسـە ڕۆژئاواییەکاندا نوسراوە ئامـاژە بـەهیچ بەشـێك لەبەشـەکانی ئاخـاوتن نـەکراوە بـەناوی"پارتیکل"، بـەڵام ڕێزمـان نوسـی سـۆڤیەتی پێشـوو"USSR"مامەڵـە لەگـەڵ پارتیکـل دەکـات وەکـو بەشـێك لەبەشـەکانی ئاخـاوتن و هـەر یـەك لـەناوەکانی"Form –Word" و "Structuar" و"Functional"و" Semi-notional"ی بۆ داناوە)( I.Hajiyev:2008:432). پارتیکل(بەوە دەناسرێتەوە، کە وشەیەکە هیچ نیشانەیەکی ناو و کاری تێدانییە و خودی خۆشی هەڵگری واتا نییە، بەڵکو واتاکەی لەو دەوروبەرە وەردەگرێ ، کە تیایدا بـەکاردێ ، خاوەنی ئەرکە لەزمان وئاخاوتندا)(شحده والاخرون: 2003: 117)، کەوایە پارتیکل بەشێکە لەبەشەکانی ئاخـاوتن و دەکەوێتە پـۆلی داخراوی وشە و (زاراوەیەکە لەڕێزمانی وەسفیدا بەکاردێت بۆ ئاماژەکردن بەیەکەیەکی نەگۆڕ لەئەرکە ڕێزمانییەکاندا، ئەم پێکهاتەیە ناچێتە نێو هیچ بەشێك لەبەشەکانی ئاخاوتن) (Crystal:2003:338). لەگـەڵ ئـەوەی پارتیکـل مـەودای ئـەو وشـانەیە، کـە دەکەونـە دەرەوەی بەشـەکانی ئاخاوتنـەوە، بـەڵام هـیچ گومانێـك لەبەهاکەیـدا نییـە و خـۆی بەشـەئاخاوتنێکی سـەربەخۆیە و (ڕەگـەزێکی فەرهەنگی نەگۆڕە، فۆڕمێکی ڕێزمانی وەرناگرێت وگـەردان ناکرێـت )(علـی: 2007: 27)، کـەوابێت ئـەم پێکهاتەیە(لـەپۆلی گـەردان نەکراوی وشە لـەزمانی جۆراوجـۆردا بـەکاردێت، کـە زۆرجـار ئەنـدامانی ئـەم پێکهاتـە وشـەکانی کـورتن، بـەڵام هـەموو کـات نـا، بەئاسانیش خۆیان ناخەنە بەر هیچ کام لەبەشەکانی تری ئاخاوتن)(Matthews:2007:289). بەمـەش پارتیکل(وشـەیەکی ڕێزمانییـە، کە یەك شێوەی نەگۆڕ و لێوەرنەگیراوی هەیە)(میراودەلی: 2007: 96). یەکێك لەسیماکانی پارتیکل ئەوەیە، کە فۆرم سـەربەخۆن و بەپێی جۆرەجیاوازەکانیشی ئەرك وەردەگرێت، پارتیکل زیاتر( واتای" گۆکردن"ی هەیە و واتای سەر بەخۆی خۆیانیان نییە، یان واتای

فەرهەنگی/ لێکسیکی کەمیان هەیە، بەڵام واتای ئەوتوخمە دەگۆڕن، کە پەیوەستن پێوەی)(حسەین: 2011: 20).ئەمەش ئەوە دەسەلمێنی، کە پارتیکلەکان لەناو ڕستەدا وەکو وشەیەکی سەربەخۆ مامەڵە دەکەن و کاریش لەگۆڕانی واتای ڕستەدا دەکەن.

**3ـ تایبەتمەندییەکانی پارتیکل ـ Particle Characteristics:**

پارتیکل چەند سیمایەکی جیاکەرەوەی هەیە، کە بوونەتە تایبەتمەندی بۆی لەوانە:

1ـ پۆلێکی فەرهەنگین، واتە کەرەسەی ئاستی مۆرفۆلۆجین.

2ـ لەپێکهاتەی ڕستەدا ئەرکی ڕێزمانییان هەیە.

3ـ گەردان ناکرێن و فۆرمەکانیان نەگۆڕە.

4ـ نابنە بەشێك لەپۆلەڕەگەزێکی تری وەك:" ناو، ئاوەڵناوە، کار".

5ـ هەندێکجار وەکو ئاوەڵکار ڕەفتاردەکەن و لایەنێکی نادیاری کار دەخەنەڕوو.( قادر:2007: 28)

6ـ واتاکانیان هەمو کات ڕوون و دیارنین و تەمومژاوین.(MuCcarus:1958: 71)

7ـ لەڕوی سیمانتیکەوە بەشێك لەپارتیکلەکان واتای جەختکردنەوە و سنوردارکردنی کردەکانی ناو ڕستەکان دەگەیەنن.

8ـ پێکهاتەی مۆرفۆلۆجی جیاوازیان هەیە، سادە وناسادە.

9ـ پارتیکلەکان بەشێوەیەکی گشتی وشەی ئەرکیین، ئەرکێکی ڕێزمانی ئەنجام دەدەن .(قادر:2007: 45). بەمەش دەکەونە پۆلی وشەداخراوەکان .

**4ـ پێکهاتەی مۆرفۆلۆجی پارتیکل Morphological Particle:**

**4 ـ1.پارتیکلی سادە ـ Simple Particle:**

ئەو پارتیکلانە دەگرێتەوە، کە لەڕووی دارشتنەوە سادەن لەتاکە مۆرفیمێك، یان وشەیەك پێکهاتوون، کە (لەشێوەی جۆراوجۆردا خۆیان دەنوێنن هەیانە لەیەك مۆرفیم پێکهاتوە و هەشیانە لەزیاتر لەمۆرفیمێك، هەشیانە لەشێوەی فرەیزێکی ئاوەڵکرداریدا، یان فرەیزێکی پێشناویدا خۆی دەنوێنێ)(حمەکریم:2003: 94)، هەریەك لەوشەکانی"تەنها، وا ، هێشتا، و ،وای، ئۆف،....تاد" دیارترین نمونەی پارتیکلی سادەن و لەشێوەدا لەیەك و شە، یان مۆرفیمدا خۆیان دەنوێنن، هەروەها پارتیکلی(" کە" و " ئەگەر" هەریەکەیان لەیەك مۆرفیمە و لەشێوەی مۆرفیمێکی ناسەربەخۆ خۆیان دەنوێنن)( حمەکریم:2003: 94).

**4ـ 2. پارتیکلی ناسادە :** ئەم جۆرەش پێکدێت لەدوو جۆری تر، کە ئەوانیش

**4ـ 2-أ. پارتیکلی دارێژراو ـ Derivative Particle:**

ئەو جۆرەی پارتیکلن، کەپێکهاتەکانیان سادەنین، بەڵکو لەوشەیەك، یان مۆرفیمێك لەگەڵ بەشێکی زیادە لەپێشگر، یا پاشگر پێکهاتوون و فۆرمێکی دارێژراویان بەرهەمهێناوە، هەر یەك لەوشەکانی" لەتێك، دەفرێك ، برێك، .....تاد " پێکهاتوون لەوشەیەکی سادە" لەت، دەفر، بڕ" لەگەڵ پاشگرێك و فۆرمێکی دارێژراوی پارتیکلیان دروست کردووە، شێوەیەکی تریان هەیە، کە(تەنها یەکێکیان بەسەربەخۆ دەتوانێت لەڕستەی ئاوێتەدا هەبێت، ئەمەش وەك "گەرچی"، "کەچی" کە لە/گەر/ و/چی/ و /کە/ و /چی / ڕۆنراون، "چی" لەم مۆرفیمی بەندانەدا واتای وشەی پرسیاری "چی" ناگەیەنێت، هەر وەکو واژەگۆکەرەکانی تر خاوەنی واتایەکی فەرهەنگی نییە< چی > تەنها لەحالەتێکدا دەتوانێت بەسەربەخۆ دەرکەوێت، کەخاوەنی ناوەڕۆکێکی تربێت، کە هەمان ناوەڕۆکی ئەو< چی > یە نەبێت، کە لەم مۆرفیمە دارێژراوانەدا هەیە)(حمەڕەحیم: 2003: ) .

**4ـ 2-ب. پارتیکلی لێکدراو ـ Compound Partical:**

جۆرێکی ترن لەفۆرم ناسادەکان و شێوە دارشتنیان پێکدێت لەدوو مۆرفیم، یان دوو وشەی سەربەخۆ، کە هەریەك لەبەشەکانی پێکهاتەکە سەربەخۆیی خۆی هەیە و دەتوانن بەتەنها لەشوێنی تردا بەدیاربکەون و واتاش بگەیەنن، لەدیارترینیان" هەر وا، هەر تەنیا، چەندجار، زۆرجار، جارجار،...تاد" کەپێکهاتوون لەدوو بەشی واتادار و سەربەخۆ بەیەکەوە فۆرمێکی لێکدراویان بەرهەمهێناوە، لەڕستەی ئاوێتەشدا هەندێك پارتیکل هەن، کە (لەدوو واژە گۆکەر ڕۆنراوە، کە هەر یەکەیان سەربەخۆ دەتوانێت لەڕستەی ئاوێتەدا دەرکەوێت وەك"هەر کە" کە لە(هەر)و(کە) پێکهاتووە و هەریەکەیان بەسەربەخۆ لەگەڵ ڕستەی ئاوێتەدا شوێنی(Comp) پڕبکاتەوە)(حمەڕەحیم:2003: 100).

**5ـ جۆرەکانی پارتیکل ـ Types of Particle:**

لەناساندنی پارتیکلدا ئەوە خراوەتە ڕوو، کەوا پارتیکلەکان بەشەئاخاوتنێکی سەربەخۆن و ناکەونە ژێر هیچ کام لەبەشەئاخاوتنەکانی تر، بەڵام نا ڕوونی پارتیکلەکان لەهەندێ کاتدا ڕووکەشیانە یەکسانییەك دێنێتە ئاراوە لەگەڵ بەشێك لە بەشە

ئاخاوتنەکانی تر، کەوا دەکات هاوشێوەی یەك دەربکەون وتەمومژی وناڕوونی بێتەدیی، لەڕاستیدا(ئەو وشانەی، کەسیمای جیاکەرەوەیان نییە، ئەوا پارتیکلن و دابەشدەبن بەسەر وشەکانی سەرسورمان، بەستنەوە، پرس، ژمارە، پێشبەند، ئاوەڵکار، نیشانە، ئا.گەیەنەر)( MuCcarus:1985:71) ، ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو بەشانەی کەوا مەکارۆس ئاماژەی پێداوە، دەبینین هەر یەکەیان بەشە ئاخاوتنێکی سەر بەخۆن و ئەرك و واتای دیاریکراو لەخۆدەگرن، بۆ نمونە(ئامرازی"بۆ ـ to" زۆرجار بەپارتیکل ناوی دەبەن، کە لەشێوە ڕوکەشییەکەیدا لە" Prepostion" پێشبەندەکان دەچێت و لەڕاستیدا لەبەکارهێنان جیاوازن) 338):Crystal:2003)، ئەمەش وای لەپارتیکلەکان کردووە، کەوا(هەموو کات ڕوون و دیارنەبن و تەمومژاوی دەربکەون، بۆ نمونە وشەیەکی وەکو" دوای ـ after" دەکەوێتە نێوان هەردوو بەشە ئاخاوتنی"ئا.بەستنەوە ـConjuction "و" پێشبەند ـ Prepostion"، بەهەمان شێوە وشەی"بن " کە هەر یەکێك ڕۆڵەجیاوازەکانی وەکو، ناو( bottom) وپێشبەند(under) وەردەگرێ، جگە لەمانەش هەندێ لەئاوەڵناوەکانیش ئەرکی سینتاکسی جیاوازیان هەیە، بۆ نمونە: ئاوەڵناوی"چاك ـ good" دەتوانرێ وەکو ئاوەڵکاریش هەلسوکەوت بکات، ئەمەش ئەو ڕاستییەدەسەلمێنێ، کە تەنها پارتیکلەکان تایبەتمەندی سفریان نییە، بەڵکو جیاوازی لەچینەفۆرمەکانی تریشدا هەیە)( MuCcaeus:1958:71)، پارتیکلەکان واتا و دەربڕینی جیاوازیان هەیە( بەگوێرەی گۆکردنی/ ئەرکی[1] سیمانتیکی ئەم چەشنانەیان لێ جیاکراونەتەوە)(حسەین:2011:20).

---

(1) زاراوەی گۆکردن (Function) لە زانستی ئەندازیاری و ماتماتیك و لۆجیکدا بەکاردە هێنریت ، بۆ پەسنکردنی دروستە و پێوەرەکان ، لە(Gloosmatic) لای (hjelmslev) ئەم زاراوەیە ئاماژەدەرە بەچەمکی پەیوەندییەکان و بەکارهێنراوە بەواتای گواستنەوەی شاراوەی پەیوەستدار لەنێوان ماتماتیکی لۆژیکی و ئیتمۆلۆژیدا، یاخود گۆکردن زاراوەیەکە بە بەرفراوانی لەزمانەوانیدا بەکارهێنراوە، چەندین ڕووبەری جیبەجیکردنی سەرەکی هەیە:

1ـ ڕووبەرێکیان پەیوەندی نێوان فۆڕمی زمانەوانی و ئەو پێرەوەیە، کە تیایدا بەکاردەهێنرێت، بۆنمونە لەڕێزماندا فرەیزی ناوی دەتوانێت لەدروستەی ڕستیلەدا گۆکردنی وەك بکەر، بەرکار، تەواوکەر.......بیبنێت. ئەم ڕۆلانە بەهۆی دابەشبونیانەوە دەناسێنرێت، لە ()و ڕێزمانی دروستەی فرەیزدا ، گۆکردنی ڕێزمانی چەمکێکە زاراوەی جێکەوتە لەدروستەی ڕستیلەی پێکهاتەکاندا دەناسێنێت. گۆکردن ڕاڤەکەری دیاردە ڕێزمانییەکانە، کە هەمیشە ڕێزمانی پێڕاگەیاندن و ئاخاوتندا دیارن.

2ـ ئەو ڕۆڵەی زمان بەتایبەتی زاراوەی گۆکردت بۆ کەرەستەیەك، کە جیابێت لەپێرەوی زماندا بەکاردەهێنرێت(وەك فۆنۆلۆژی) لەدەوروبەری کۆمەڵایەتی یاخود چ خودی دەیگێڕێت بەگۆکردن ئاماژەی پێدراوە (گۆکردنی کۆمەڵایەتی). وەك گۆکردنی زمان لە پێڕاگەیاندنی بیردا یاخود دەربڕینی هەڵوێستێکدا. بەمە دەتوانرێت هەمیشە هەلوێستی زانستی زمانی وەك زانست، یاسا ..... ئەو زاراوانەی لەزمانی زانست یان زمانی یاسادا بەکاردەهێنرێن.

3ـ لەشیکردنەوە فەرمییەکان (فۆرمەڵەکاندا) گۆکردن بە چەمکی ماتماتیکیانە بەکاردەهێنرێن" کە پەیوەندی پەیکاڵی هەر شتێك لەبوارەکەیدا لەگەڵ بەهای تەواویدا ئاشکرادەکات.

4ـ گۆکردن بە واتای تایبەتێتی هەر شتێك لە بەکارهێنانیدا. (حسەین: 2011: 85).

**1ـ5. پارتیکلی مۆداڵییەکان ـ Modale Particles:**

ئەمانە بەشێکن لەو پارتیکلانەی، کە سیمانتیکی و پراگماتیکی دیاریکردن پێناسەکراون:" بەڵام ، هەروەها ، ڕەنگە ، ئا ...." ئەمانە تەنها لەو جێکەوتانە دێن، کە قورساییان / هێزیان لەسەرنییە و دەتوانن لەناوەڕاستی ڕستەی سەربەخۆدا بێن، ئەم جۆرانە دەتوانن لەگۆکردنی سینتاکسی تریشدا ڕوودەن.(حسەین: 2011: 20). وەك: 1ـ لەماڵ بون بەڵام نەهاتنە دەرەوە.

**2ـ5. پارتیکلی باسمەندی/پلەی ـ Focus/grad Particles:**

پارتیکلی باسمەند زاراوەیەکە، بۆناولێنانی بەشێك لەوپارتیکلانەی، کە بەسینتاکسی و سیمانتیکی دیاري دەستنیشانکراون"تەنها، یش، تەنانەت، تەواو.."دیارترین نمونەیانن، گۆکردنی سیمانتیکیان دەشێت پلەییانە و چەندێتیانە، یان هەردووکیان بێت.(حسەین: 2011: 20). بۆ نمونە:

2ـ تەنانەت گوێشی بۆ نە دەگرتم.

**3ـ5. پارتیکلی ڕادەیی ـ Quantifier Particles:**

لەڕووی گۆکردنی سیمانتیکییەوە بەشێکن لەپارتیکلە دیاریی و پێناسەکراوەکانی، کەپەیوەستن بەئاوەڵناوە پەیوەندییدارەکانەوە و ئەو نیشانانەی نرخەکانی پلەپێوەرێك ڕێکدەخەن، کە ئاوەڵناوەکان پێیان دەدەن، لەهەندێ زماندا ڕادە بەپێی تایبەتمەندی سیمانتیکی ئەو وشەیەی وەسفی دەکەن دەگۆڕێت لەدیارترینیان:

أ ـ زۆر ، کەم ، فرە/ بەکارهێنانی ڕادەیی و بەکارهێنانی ئاوەڵناوی،

3 أـ کەم ئاو بڕێژە ، 3 ب ـ ئاو کەم بڕێژە . ( جارەکانی ڕشتنی ئاو یان ڕێژەی ئاو)

ب ـ هەموو ، گشت ، هەندێك، تۆزێك ، نەختێك:

أ ـ تەنها بەکارهێنانی ڕادەی +VoNP+ DP ، ژمارە ،

4ـ هەموو منداڵەکان خەوتن.

ب ـ تەنها بەکارهێنانی ڕادەیی +V,NP,AP نەختێك، تۆزێك، کەمێك... / + ناو ـ ژمارە ، پێوانە ،

5 ـ نەختێك ئاو دەخۆیەتەوە. 6ـ تۆزێك چام بۆ تێکە

3ـ تەنها ڕادەیی + NP ، ـ ژمارە+ پێوان ← چنگێك، دەفرێك،.../ +ناو+ژمارە+پێوانە

7ـ چنگێك خۆڵی کرد بەسەری خۆیدا. 8 ـ مشتێك ئاوی پیاکرد.

ت ـ 1ـ پارتیکلی مۆرفۆلۆژی/ دەفرێك ، مشتێك، چنگێك.

2ـ پارتیکلی فۆرم/ دروستەی سینتاکس/ ئەمانەش لەم بارانەی خوارەوە:

أ ـ 1ـ چەند+DP، (چەندین+N): 9ـ چەند جارپێمگوتیت.

2ـ چەند + کردار بەندی، تەنها بەکارهێنانی ڕادەیی + ژمارە: 10 ـ چەند دڵگیرە.

ب ـ N+ێك+ N : ـ لەتێك نان ، مشتێك خۆل (حسەین: 2011: 20).

**4-5. پارتیکلی سەرسورمان و هەست دەربڕین -Interjection Particles:**

ئەو توخم و ڕەگەزانە دەگرێتەوە، کە بۆ هەست دەربرین و ڕامان لەشتەکاندا دەردەبڕێن بەشێوەیەکی گشتی توخمە هەست دەربڕەکان بریتین لە"ئەها، ئۆف، وای ، ئاخ، ئم، تێح ، ئیف، تیاح..." یاخود بەشێك لەو دەربڕینانەی، کە بۆ مەبەستی ڕامان و خۆزگە خواستن دەردەبڕێن وەکو"جا، بریا، خۆ، دەشێ، دەبوو....تاد" هەر یەك لەم پارتیکلانە لەپاڵ کارێك یاخود چاوگێك دێن، کە زیاتر مەبەست لێیان دەربڕینی هەستی قسەکەرە، بۆ نمونە:

11ـ تیاح ، کە ڕەزا گرانی!

12ـ بریا نەرۆیشتبام .

13ـ ئۆف بەدەست دۆستی دوو ڕوو! (لەڕستەی ڕاماندا جگە لەئاوازی دەربڕین، هەندێك وشە سەرەتای ڕستە دەگرن، کە هەستی قسەکەر دەنوێنن بەرامبەر بە شتێك، یان ڕوداوێك، بۆ نمونە:

14ـ ئاخۆ ئازاد هاتبێتەوە !

15ـ تیح ، کە ناشرینە!

16ـ ئیف، کە بە لەزەتە! شوێنی دیاریکار لەنمونەکاندا بەوشەکانی" ئاخۆ، جاکوا، تیح، ئیف..تاد" پڕکراوەتەوە لەم ڕانگەشەوە وشەکانی ڕامان وەك پارتیکل سەرەتای ڕستە دەگرن ودەبنە دیاریکار)( قادر:2007: 40-43 ) .

**5 ـ5. پارتیکلی چۆن یەکی و بەراوردەکی ـ Vergleicgs Particles:**

ئەو جۆرانەی پارتیکلن، کە بەسیمانتیکی دیاریی و پێناسەکراون، بۆ نمونە" وەك" کە بەشێوەیەکی گشتی لەڕستە ناسادەکاندا بەکاردێن و بەراوردکردن دەکەوێتە بەشێك لەڕستە سادەکان، دەکرێ لەڕستەی سادەشدا بەکاربێت بەهەمان مەبەستی بەراوردی و چۆن یەکی لەنێوان دوو توخم لەهەمان ڕستەدا .(حسەین: 2011: 20). بۆنمونە:

17ـ دارا وەك باوکی، ناپاك و بێ ئەمەك بوو.

**5 ـ6. پارتیکلی ئاوەڵکاری ـ Adverb Particles:**

ئاوەڵکار لەزمانی کوردیدا وەکو بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام مەکارۆس پێیوایە (ئاوەڵکارەکان پارتیکلن، کە دەکرێ لەدەستەواژە زارەکی و ناوییەکاندا هەبن، یان لەسەرەتای ئاخاوتنەکاندا، ئاوەڵکارەکانیش دەکرێن بەچەند

پۆلێکەوە، لەوانە: ئاوەڵکاری کاتی، شوێنی، چۆنیەتی،چەندێتی... بۆنمونە"دواتر دوو پیاو بۆ ماڵی ئێمە هاتن" ،ئاوەڵکاری شوێنیش، وەکو ناو دەتوانێ ڕۆڵی بکەر ببینێ، بۆ نمونە"ئێرەم پێخۆشە"و ڕۆڵی بەرکاریش دەبینێ کاتێك لەگەڵ پێشبەندەکان دێت، بۆ نمونە:"کەی هاتیت بۆ ئێرە" و ئاوەڵکاری چەندێتی دەتوانێ بێتە پێش سەرەی دیارخەر لەناو فرەیزەکاندا بۆ نمونە:"گەلێ کەس - alot of people "و دەتوانێ ببێ بەدیارخەری کار، وەکو: "کورەکە زۆر ئەگەڕێ - He walks around very much) ( MuCcarus1958:78) ، بەشێوەیەکی گشتی دەکەونە پاڵ کاروکردەیەك، کە مەبەست و چۆنیەتی ڕوودانی کردەکە دەخەنە ڕوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی دیارخەر دەبینن, لەڕستەی سادە و ناسادەش بەکاردێن، لەدیارترینیان "دەی، وا ، با، ...تاد" بۆنمونە:

18ـ با بڕۆم.

19ـ چەند جارم وت ، کاری وا مەکە.

مەکارۆس پێیوایە، کەوا ئاوەڵکارەکان سەر بەپۆلی وشە داخراوەکانن و دابەشی سەر چەند گروپێك دەکرێن ، لەم خشتەی خوارەوە ڕونکراوەتەوە:

**1ـ کاتی ـ Time:** "دەم دەم ـ from time ti time، دەرحال ـ immediately، دوسبەی ـ day after tomorrow، دوای ـ late، دوێنێ ـ yesterday، ئێستا ـ now، هێشتا ـ yet/sitll، ئەمرۆ today، ئەم ساڵ ـ this year، ئەمشەوـtonight، پار ـ last year، پاشەڕۆژـ in the future، سبەی/ سبحەینێ ـ tomorrow، یەکسەرـ straight/ immediately ".

**2ـ چۆنیەتی ـ Maner :**"پێکەوە ـ to gether، خاسەتەن ـ especially،وا ـ thus/ like this، ئینجا ـ in that case/then ".

**3ـ شوێنی ـ Place:** " ئێرە ـ here، ئەوێ ـ there".

**4ـ چەندێتی ـ Quantity:**" چەن /چەند ـ a few، هەر ـ only، گەلێك/ گەلێ ـ a great deal of ، هیچ ـ no، هەموو ـ each/ every، نەختێك ـ a little of ، هەندێك ـ a little of، زۆر ـ very"( بروانە 78 ـ 79 :MuCcarus :1958)، کەوابێ پارتیکلی ئاوەڵکاری ئەو وشانە دەگرێتەوە ، کە دەچنە ناو فەرهەنگەوە و سنوردارن و ناتوانرێ بەئاسانی ئەندامی تازە بخرێتە ناو گروپەکەیانەوە، لەڕووی فۆرمیشەوە سەربەخۆن و هەڵگری واتان و لەناو ڕستەدا واتاکانیان زیاتر ڕوندەبێتەوە، بەپێی سیاقی بەکارهێنانیان ئەرکی جیاوازیان پێ دەسپێردرێ.

**5ـ7. پارتیکلی پرسیاری ـ Interrogatives Particles:**

ئەو وشەپرسانەی، کەپرسیار دەربارەی کردە و کەس و بڕ و چۆنیەتی دەکەن لەزماندا و دەکەونە ژێر ناوی پارتیکلەوە (وشەی پرس لەزمانی کوریدا بەپێی ئەرکی کەرەسەی پرسکراو شوێنی خۆی هەیە، جا ئەو کەرەسەیە، بکەر بێت، یان بەرکار بێت، یان کار، هەروەها ڕۆڵی لەڕۆناندا، دەرخەر بێت" یان دەرخراو)(قادر: 2007: 31)، دەکرێ لەڕستەی سادە و ناسادەشدا بەکاربێت، لەدیارترین وشەکانی پرسیش بریتین لە" کام، چ، چەند، چۆن، لەکێ، بۆکێ، چەندیتر،چەندین، کێ.....تاد"بۆ نمونە:

20ـ چ میوەیەك دەخۆی؟

21ـ کێ قاپەکانی شوشت؟

(یەکێك لەئەندامە تایبەتەکانی ئەم پۆلەی پارتیکل بریتیە لە" ئایا/ aya" بەزۆریش لەنوسیندا بەکاردێت، واتایەکی فەرهەنگی نییە، بەلکو تەنها نیشانەیەکە بۆ پرسیارکردن لەکاتی قسەکردندا)( MuCcarus:1958: 73,74 ). ئەم وشە پرسانە لەتیوری ئێکس باردا دەتوانن شوێنی سپیسفایەرەکان بگرن و وەکو دیاریکار ڕەفتاربکەن (وشەی"کام، چ" وەك ئاوەڵناوی پرس، ڕۆڵی دیاریکەر دەبینن بەمەش ئەو ڕاستیە جێگیردەبێت، کە ئەو وشە فەرهەنگییانەی شوێنی"Spec" دەگرن پۆلێکی فەرهەنگی دیاریکراونین، بۆیە دەتوانرێت وەك بەشدارێکی پێکهاتەی فرەیز لەتیوری ئێکس باردا بەپارتیکل ئاماژەیان بۆ بکرێت، چونکە تایبەتمەندێکانی پارتیکلیان تێدا بەرجەستە دەبێت، بۆ نمونە:

ـ تەنیا / هەر / چ گوڵێك ⟵ تەنیا چ گوڵێك

ـ ئەم گوڵە /ـ چەند گوڵ ـ کام گوڵ ⟵ تەنیا کام گوڵە کێوی)(عومەر:2007: 32)، مەکارۆس ڕۆڵی بکەری وبەرکاری دەدات بەوشە پرسەکان و بەسەر دوو گروپدا دابەشیان دەکات، لەوانە:

1ـ ئەو وشە پرسانەی، کە ڕۆڵی بکەری"،یان بەرکاری دەبینن، بریتین لە:( چ ـ what؟ ، چەند/ چەن ـ how much؟ How / many؟، کام ـ which؟ ، کێ ـ who / whom؟ ، کوێ/کوا ـ where؟)

2ـ ئەو وشانەی، کە هەرگیز ڕۆڵی بکەری و بەرکاری نابینن، بریتین لە:(ئایا؟، ئایا؟ ، بۆ؟ ، بۆچ؟ ـ why؟ ، چۆن؟ ـ how، کەی؟ ـ when.) (MuCcarus 1958:74)

**5ـ8. پارتیکلی نەرێ کردن ـ Negative Particles:**

شێوەیەکی ترن لەشێوەکانی پارتیکل، کە مۆرفیمەکانی نەرێکردن دەگرنەوە و دەکەونە پێش ئاوەڵکار و ئاوەڵناو و کار، یەکێك لەم ڕەفتارانەیان نەرێدەکات، فۆرمە باوەکەی نەرێکردنیش هەریەك لە " نە، نا" یە، بەڵام لەهەندێ باردا وشەی تریش هەن لەناو ڕستەدا بەکاردێن و مەبەستی نەرێکردن دەگەیەنن بۆ نمونە:" هەرگیز ـ Never" ، " موستەحیل/ ئەستەم ـ Impossible" ، "قەد ـNever" ، ( پارتیکلی" نا ، نە ـ not" سیمایەکی تایبەتی هەیە ئەویش ئەوەیە، کە دەتوانێ لەگەڵ زۆربەی پۆلی وشەجیاوازەکان بەکاربێت وەکو" not he, not student, not beautiful, not forty, not yesterday, not to )(see, not seeing, not when he comes"( Khaimovic ,B.S & Rogovskaya:1967:219 )، لەزمانی کوردیشدا وشەی" نا، نە" زۆر چالاکە ودەتوانێت لەگەل بەشێکی زۆر لەوشەکاندا بەکاربێت و وشەی نوێیش بەرهەمبهێنێ لەدیارترینیان" ناپاك، نا ڕۆشن، نادیار، نەشاز، نەخۆر، ناکەس ، ناپیاو، نەخۆش، نەتۆ، نە ئەمرۆ....تاد)

22ـ ماڵی نەخۆری بۆ چەکمەبۆری.

23ـ ناپاك هەرگیز جێی متمانەنییە.

ئەو(تایبەتییە ناوازەی" Not ـ نە، نا" پاڵنەرە بۆ ناونانی بەپارتیکلی نەفی) (Crystal:2003:388)، هەرچەندە لەڕووکەشدا(پارتیکلی نەفی" Not ـ نە،نا" هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ جێناوە نەفییەکان، بەڵام ئەگەرهاتوو هیچ وەستانێك لەپێش ئاوەڵناو و ئاوەڵکارەکان نەبوو ، ئەوا دەبن بەپارتیکل )( 434 : 2008 : I.Hajiyev)، بۆ نمونە:


24ـ ئەو کورە ئەمرۆ باش نییە. He is no better today.

ڕەنگە ئەم جیاکردنەوەیە لەزمانی کوردیدا ئەستەم تربێت، کە پارتیکلی نەفی لەگەڵ ئامرازەکانی نەفیکردن جیابکەیتەوە، لەگەل ئەوەشدا بەشێوەیەکی گشتی بۆ نەکردنی شتێك، یان ڕوداوێك، یان، ڕەفتار و کردارێك ب لەهەر دووحالەتەکەدا بێت، بەکاردێت.

**5ـ9. پارتیکلی سەرجێناوی ـ Relative Particles:**

جۆرێکی تری پارتیکلن، بەشێوەگشتییەکەی لەڕستە ئاڵۆزەکاندا بەکاردێن (ئەم پارتیکلە یەك جۆری هەیە، بەردەوام لەگەڵ ڕستە لاڕستەییەکان" Clause"دا دێن، لەوانەیە ڕۆلی بکەر، یان بەرکاریش ببینێ )(81 :MucCarus:1958)، بەڵام لەزمانی کوردیدا خۆی بەتەنها ناتوانێ هیچ کام لەم ڕۆڵانە ببینی، بەڵکو لەگەڵ لاڕستەکە بەیەکەوە دەتوانن بەم ڕۆلە هەلبستن، شوێنی جیاواز لەڕستەدا دەگرن، لەوانە، لەسەرەتای ڕستەئاڵۆزەکانەوە بێن و شوێنی تەواوکەرێك لەڕستەدا پڕبکەنەوە، هەندێ کاتیش دەکەونە ناوەڕاستی ڕستەکان، بەم جۆرەش( شوێنی "Comp"ی ڕستەی کوردی بەواژە گۆکەرێك پڕ دەکرێتەوە)(حمەکریم:2003: 94)، مەکارۆس ئاماژە بەیەك فۆرم دەکات لەزمانی کوردیدا، کە ڕۆڵی پارتیکلی سەرجێناوی دەبینێ ئەویش"کە"یە، کە بەرامبەر بەفۆرمەکانی" Who, Which, That, That which…ect"ی ئینگلیزی دەوەستێ( 81 :MuCcarus:1958)، بەڵام لەزمانی کوردیدا چەندین فۆڕمی تر هەن، کە دەتوانن هەمان ڕۆڵی سینتاکسی فۆرمەکەی" کە " ببینن، تەنها لەڕوانگە سیمانتیکییەکەوە جیاوازن، بۆ نمونە" ئەگەر" ، هەرچەندە وشەی "ئەگەر" زیاتر شێوازی مەرجی لەڕستەدا دروست دەکات، بەڵام هەمان ڕۆڵی سینتاکسی" کە" لە ڕستەدا دەبینێ، تەنانەت شوێنی هاتنیشیان وەکو یەکە( شوێنی"Comp"ی ڕستەی شکاوەی زمانی کوردی جارجارە بەواژەگۆکەری" کە "یان " ئەگەر" پڕدەبێتەوە، بوونی یەکێك لەم واژەگۆکەرانە لەشوێنی Comp دا، وابەستەی کرداری ڕستەکەیە، ئەگەر هاتوو ڕستەکە مەرجی بوو، ئەوا شوێنی Comp بە"ئەگەر" پڕدەکرێتەوە، ئەگەر ڕستەکەس ئاسایی بوو بە" کە" پڕدەکرێتەوە)(حمەکریم:2003: 94)، لەهەندێ باردا لەزمانی کوردی لەبڕی" ئەگەر" " گەر" و نەرێ یەکەی" مەگەر"یش بەکاردێ، کە هەمان واتا و ئەرکی فۆرمی" ئەگەر"ەکەی هەیە. یەکێکی تر لەفۆرمە باوەکانی تر وشەی" با"یە، کە ئەویش دەتوانێ هەمان ڕۆڵ ببینێ لەناو ڕستەدا بەجیاوازی واتاوە، کە لەڕوی سیمانتیکییەوە زیاتر لەفۆرمی" ئەگەر" نزیك دەبێتەوە وەك لەفۆرمی" کە" ، کە شێوازی مەرجی و دانانی بەڕستەکان دەدات، بەهەمان شێوە دەتوانێ شوێنی Comp لەڕستەئالۆزەکاندا پڕبکاتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێن( تەواوکەرەکانی " کە، ئەگەر، لەگەڵ ئەوەی ، ئینجا" لەژێر گرێی Comp دا دەردەکەون، وەك" Det"،یان" Aux ـ کاری یاریدەدەر " بەکەتیگۆڕی ئەرکی دەژمێردرێن ودەبنە کەتیگۆڕی "Cp") (قادر: 2007: 40)، کەوابێت کۆمەلێك فۆرمی تر هەن دەتوانن وەکو وشەی"کە" بەم کارە هەڵبستن، کە باوترینیان"ئەگەر، گەر، مەگەر، با، لەگەل ئەوەی ، هەرچەندە، ئەگەرچی، کەچی ...تاد"، ئەم پارتیکلانە، لەتیوری ئێکس باردا ڕۆڵی گرنگیان هەیە و سەرەی بەشێك لەفرەیزە ئەرکییەکان پێکدەهێنن،(لەپێکهاتەی Cp یان C= دا پارتیکلەکان، شوێن و ڕۆڵیان جیاوازە، بۆنمونە: 25 ـ گەر بخوێنیت دەردەچیت. 26 ـ بخوێنە با دەربچیت.

خاڵی سه‌رنج ڕاکێش له‌م دوو نمونه‌یه‌دا ئه‌وه‌یه، که پارتیکله په‌یوه‌سته‌کان" گه‌ر، با" ده‌بنه سه‌ره‌ی فره‌یزی -C، I= ی دوای ده‌بێته ته‌واوکار، له‌م ڕووه‌وه ده‌توانرێت بگوترێت، که ئامرازه په‌یوه‌سته‌کانی ڕسته‌ی ئاوێته وه‌ك پۆلی پێشناو ڕه‌فتار ده‌که‌ن، واته ده‌بنه سه‌ره و پێش ته‌واوکاره‌کانیان ده‌که‌ون و حوکمیان ده‌که‌ن)(قادر: 2007: 39)، به‌مه‌ش پارتیکله‌کان له‌ناو ڕسته‌دا ده‌توانن وه‌کو که‌ره‌سه‌ی فه‌رهه‌نگی ڕۆل ببینن، به‌ڵام له بنه‌ڕه‌تدا که‌ره‌سه‌ی فه‌رهه‌نگی نین، ئه‌گه‌ر سه‌یری ئه‌م دوو دایگرامه بکه‌ین، زیاتر بۆمان ڕوونده‌بێته‌وه.




هێلکاری ژماره (1)

ئه‌وه‌ی، که له‌م دایگرامه‌دا ڕوونده‌بێته‌وه، ئه‌وه‌یه، که Cده‌بێته سه‌ره، I= یه‌کسانه به S و ده‌بێته ته‌واوکه‌ر"Comp" له‌هه‌مان کاتدا ( C،I- ) وه‌ك ( N, V ) که‌ره‌سه‌ی فه‌رهه‌نگی نین، ئه‌گه‌رچی ده‌شێ خاوه‌نی وشه ئه‌رکیه‌کانی وه‌ك " که ، گه‌ر ، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی ، هه‌رچه‌نده، ئه‌گه‌رچی ...." بێت )(قادر: 2007: 34 ـ 35)، که‌واته پارتیکله سه‌رجێناوییه‌کان هه‌رچه‌نده که‌ره‌سه‌ی فه‌رهه‌نگی نین و له‌پۆلی داخراوی وشه‌ن، به‌ڵام توانای ئه‌وه‌یان هه‌یه، وه‌ك که‌ره‌سه فه‌رهه‌نگییه‌کان کاریگه‌ری سینتاکسی وسیمانتیکی گه‌وره دروست بکه‌ن.

**10-5. پارتیکلی کرداری / Particle ـVerb:**

کاره ناساده‌کان، ڕۆلی دیاری ئه‌م جۆره‌ی پارتیکل ده‌خه‌نه‌ڕوو، که کاره ناساده‌کان کۆمه‌ڵه‌ك که‌ره‌سه له‌ده‌وری ڕه‌گ وقه‌کانیان کۆده‌بێته‌وه، له‌چاڵاکترین ئه‌و که‌ره‌سانه‌ش پێشناوه‌کان"ئامرازه په‌یوه‌ندیه‌کان" نن، له‌پاڵ ئه‌وانه‌ش کۆمه‌ڵێك پێشگری تر هه‌ن، که ده‌چنه سه‌ر قه‌دی کاره‌کان له‌وانه" هه‌ل، دا، ڕا، ڕۆ....تاد"، پێشناوه‌کانی ( پێ ــ ، تێ ــ ، لێ ــ " پێشناوی فه‌رهه‌نگی و مۆرفۆسینتاکسین و پێشناوه‌کانی" به، له، بۆ " پێشناوی سینتاکسین وپێشناوی" ه " پێشناوی هه‌رسێ پێکهاته‌که‌یه، به‌واتا فه‌رهه‌نگی وسینتاکسی ومۆرفۆسینتاکسه)(مه‌حوی: 2010: 208)، ئه‌وه‌ی لێره‌دا گرنگه کام له‌م که‌ره‌سانه پارتیکلی کردارین، پێشناوه‌کان، یاخود پێشگره‌کانی کار، به‌پێی بۆچوونی محمد مه‌حوی، ئه‌م پێشناوانه، که به‌پێشناوه کردارییه‌کان، یان پێشناوه فه‌رهه‌نگییه‌کان ناویان ده‌با پارتیکل نین.،چونکه پێیوایه هه‌لسوکه‌وتی پارتیکل نیشان ناده‌ن و پارتیکله کردارییه‌کان به" جیابووه‌وه"داده‌نێ و ده‌ڵێت : پارتیکل و قه‌ده‌که له‌زۆربه‌ی کاته‌کاندا له‌یه‌ك جیاده‌بنه‌وه، به‌ڵام له زمانی کوردیدا پارتیکل ته‌نها له‌ناو دروسته مۆرفۆسینتاکسیه‌کانی کرداره‌کاندا ئه‌م ڕه‌فتاری له‌یه‌ك جیابونه‌وه‌یان هه‌یه، بۆ نمونه: ـ هه‌ڵگرتن له أ و ب دا

أ/ > هه‌ڵ ـ یان ـ ده‌گرم < ~ ب/ > هه‌ڵ ـ م ـ گرتن < .

داتاکان ئه‌مه نیشان ده‌ده‌ن، پێشناوه کرداریه‌کانیش هه‌مان ڕۆل ده‌بینن له‌ناو دروسته مۆرفۆسینتاکسیه کردارییه‌کاندا، ئه‌وانه‌ی به‌کرداری ئاڵۆز ناسراون، بۆ نمونه: ـ پێگوتن له أ و ب دا

أ/ > پێ ـ یان ـ ده‌ڵێم <~ ب/ > پێ ـ م ـ گوتن<.

به‌ڵام هه‌ندێ بۆچوون ده‌خاته ڕوو له‌نیوان ئه‌م دوو پێکهاته‌یه و له‌یه‌کتریان جیاده‌کاته‌وه،له‌وانه:

1ـ پارتیکل به‌قه‌دی کرداره‌وه ده‌لکێ و پێشناوه‌کان له‌ده‌ره‌وه‌یانه‌وه به‌قه‌دی کرداره‌وه لکاوه، به‌و مه‌به‌سته‌ی پێشناوه‌کردارییه‌کان و قه‌ده‌کانیان له‌سینتاکسدا له‌یه‌ك دوور ده‌که‌ونه‌وه به‌جۆرێك، که ئه‌م پێشناوانه جۆرێکی تایبه‌ت له‌فره‌یزه پێشناوییه‌کان دروستده‌که‌ن و به‌رهه‌مده‌هێنن، بۆنمونه: ـ پێگوتن له أ و ب دا

أ/ > من پێ ـ م ـ گوتیت <~ ب/ > من به‌تۆم گوت <.

که‌واته به‌گوێره‌ی جێکه‌وته‌کان، پێشناوه‌کردارییه‌کان/ پێشناوه فه‌رهه‌نگی و مۆرفۆسینتاکسیه‌کان هه‌ڵومه‌رجی ئه‌وه‌یان هه‌یه له‌سینتاکسدا له‌کردار جیاببنه‌وه و فره‌یزه پێشناوییه‌کان دروست بکه‌ن، ئه‌دگاری لکاوی زمانی کوردی بۆته هۆی ئه‌وه‌ی پارتیکله‌کان، ئه‌وئازادی و سه‌ربه‌خۆییه‌ی مۆرفیمه‌سه‌ربه‌خۆکانی نه‌بێت و له‌بناغه‌کانیان به‌ته‌واوی جیانه‌بنه‌وه، به‌پێچه‌وانه‌شه‌وه له‌سینتاکس"ڕسته"دا، پێشگره‌پێشناوییه‌کان ده‌بنه‌پێشناوی سینتاکسی و له‌کردار دوور ده‌که‌ونه‌وه ته‌نهاپێشناوه‌مۆرفۆسینتاکسیه‌کان

لەدروستە مۆرفۆسینتاكسیەكانیاندا تەواو لەكردارەكە جیانـابنەوە، لەو ڕووەشـەوە كە پـارتیكلە ئاوەلكردارییەكـان خۆیـان لەپێشـگرە پێشناویەكان جیادەكەنەوە.

2ـ پارتیكلەكان خۆیان لەڕێی هێز/ قورسایی خستنەسەر ، لەپێشناوەكردارییەكان جیادەكەنەوە لەلێكسیمەكاندا ، پارتیكلەكان قورسای" دووەم / لاوەكی "یان لەسەرە نەك پێشناوە كردارییەكان. أ/ داگرتن ، هەڵگرتن. ب/ لێدان ، پێگوتن.

3ـ پارتیكلەكان لەڕووی سیمانتیكەوە سەر بەهەڵواستنی كوردین، پێشـگرە پێشـناوییەكان لەڕوی سـیماتیكی و سینتاكسـیەوەجیاوازن لەپارتیكلە ئاوەڵكردارییەكان، بەڵام هەر سەر بەهەلگواستنن، چونكە هێز بەكـرداره تێنەپەرەكـان دەدەن و دەیـكەن بەتێـپەری یەك هێزی و هێزێكی كرداره تێپەریەكانیش زیاد دەكەن و یەك هیزەكان دەكات بەدوو هێز، بۆنمونە:

أـ / گوتن/ : / پێگوتن/ ب ـ / كردن / : / پێكردن/ پ ـ / خەوتن/ : / پێخەواندن /. ( بڕوانە: مەحوی : 2010: 203 ـ219 ) .

بەبڕوای مەكارۆسیش پێشناوەكان"Preposion" پارتیكلن، دەڵێت( پێشناوەكان پارتیكلن دەتوانن تەنها لەگەل فرەیزە ناوییەكاندا بێن و دەبن بەسەرەی فرەیزەكە، مەرج نییە سەرەی فرەیزەكان تەنها ناو، یان جێناو بن )(MuCcarus:1958:75). لەفرەیزە پێشناویەكاندا پێشناوەكان دەبن بەسەرە و (لەچوارچێوەی فرەیزی پێشناویدا حوكمی ناوەكەی، یان فرەیزە ناوییەكەی دوای خۆیان دەكەن)(قادر:2007: 43) ، بەڵام (كاتێك پێشناوی ناڕەسەنی كردارێك لەڕستەدا دەخرێتە پێش كردارەكەوە، دەبێت بەواژەگۆكەرێك"پارتیكل" و حوكمی دۆخی ڕێزمانی كردارەكە جێ بەجێدەكات، ئەمان وەكو پێشناو لەلای ڕاستەوە بۆ چەپ حوكمی ڕێزمانی دەكەن، وەكو: " تێكەوتن، تێگرتن"

27ـ ساكار كەوتە حەوزەكەوە . 28ـ ساكار تۆپەڵە بەفرەكەی گرتەمن.)(مەحوی: 2001: 58).

ئەو پێشناوانەی، كە لەكردەمۆرفۆسینتاكسیەكاندا دەبینرێن، شێوە لكاوەكانی پێشناوەكانن (تەنها دوو لەم پێشناوانە وەكو جێگرەوەی یەكتر دیاریدەكرێن" لە / لێ" و " بە / پێ" هەردوو ئەڵۆمۆرفۆی" تێ / پێ" لەشێوەی پێشگردێن ، بەڵام " لە/ بە "دەكەونە پێش ناوەكانەوە، بۆ نمونە: ـ بۆ باوكم . To my father (MuCcarus: 1958:75). لەزمانی كوردیدا هەندێكجار پێكهاتەی تر لەگەڵ ئەوپێشناوانەدادێن، واته(ئەوەی لێرەدا مەبەستە مۆرفیمەكانن، وەك"دا ، ەوە ، ڕا ..." كە كۆتای فرەیزە پێشناوییەكان دەگرن، وەك بەشدارێك چەمكی فرەیزەكە ڕووندەكەنەوە، بۆ نمونە:

29ـ لە سلێمانیەوە هاتووم .

30ـ بە كەركوك دا تێپەریم.

31ـ لە هەولێر ڕا نیشتەجێ بووم )( قادر:2007: 43).

كەواتە كردار كۆمەلێك كەرەسە لەدەوری خۆیدا كۆدەكاتەوە، بەڵام هەموویان پارتیكل نین، بەلكو بەپێی ئەو هەڵومەرجانەی، كە خرانەڕوو دەبن بەپارتیكل و تایبەتمەندییەكانی پارتیلكیش هەڵدەگرن.

**6ـ تایبەتمەندییەسیمانتیكیەكانی پارتیكل ـ Semantic Characteristics:**

ناساندن و پێناسەكردنی واتای پارتیكلەكان كارێكی ئاسان نییە، لەبەر ئەو سێبیەرە واتاییانەی، كە لەدەربڕینی ئاخێوەرانەوە دەكەوێتەوە، كە زیاتربۆجەختكردنەوە"Emphasize" و سنورداركردن"حصركردن ـ limit"ی ئەودەربڕینانەی، كەدەوترێن، پارتیكلەكان هیچ واتایەكی فەرهەنگی سەربەخۆیان نییە، بەڵكو واتاكانیان پەیوەستن بەشوین و سیاقی دەركەوتنیان لەناو ڕستە و گوتەكاندا، بەمەش پارتیكلەكان واتایەكی مۆدالی/ شێوازی، یان جەختكردنەوەیی دەدەن بەدەربڕینە جیاوازەكان، لەڕوانگەی سیمانتیكەوە دەتوانرێت چەند گروپێك لەپارتیكلەكان جیابكەینەوە، لەوانە:

**6ـ1.پارتیكلە سنوردارییەكان ـ Limiting Particles.**

لەدیارترین ئەندامانی ئەم جۆرەیان بریتین لە"تەنها ـ Only" ، "بەس ـ Just"، " بەڵام ـ But"، " بەتەنها ـ alone" ،" تەنیا ـ Merey"......تاد ، ئەمانەش ئەو وشە، یان دەستەواژانەن، كە ئاماژە بەسنورداركردنی واتا و مەبەستی كردەیەك دەدەن لەئاخاوتندا، واتە ئەو بیرۆكەیە سنوردارەدەكەن، كە لەلایەن قسەكەرەوە دەردەبڕێت لەبارەی ئەوشتەی، كە قسەی لەسەر دەكات ( I.Hajiyev:2008:432). بۆ نمونە:

32ـ نازە تەنها منداڵێكە.

33ـ بەس ئازاد لە وانەی كوردی دەرچووە.

**6ـ2.پارتیکلە ڕادەییەکان ـ Intensifying Particles.**

لەباوترین ئەندامانی ئەم جۆرەشیان بریتین لە"بەسادەیی ـ Simply"، " بەس ـ Just" ،" تەنها ـ Only"،" هێشتا/جارێ ـ Yet"،" ڕاست ـ Right"،" ڕێك ـ exactiy" ،"هێشتا ـ Still"، ئەم جۆرانەی پارتیکلیش زیاتر واتای جەختکردنەوە بەوشەکان دەدەن لەبڕو ڕادەدا( I.Hajiyev:2008:433). بۆ نمونە:

34ـ پیاوەکە ڕێك بەربووە گیانی منداڵەکە.

**6ـ3.پارتیکلە نەرێنییەکان ـ Negative Particles.**

ئەندامانی ئەم جۆرەش لە" نا ، نە ـ Not, No"، " هەرگیز ـ Never" پێك دێن، کە واتای نەرێی دەدەن بەکردەکان، پارتیکلی"هەرگیز" جگە لەنەرێکردن جەختیشی لێ دەکاتەوە، بۆنمونە:

35ـ هەرگیز نەمزانییە، کە خوشکت هەیە.

لەزمانی کوردیدا هەندێ فۆڕمی تر هەن کە هاو شێوەی" هەرگیز"ن ، لەوانە"بەهیچ شێوەیەك، هیچ، نەك ، قەت، هەر....تاد"، کە واتای نەرێکردن دەدەن بەو پێکهاتانەی، کە لەگەڵیان دێن،

36ـ قەت نەدەی ئازاری گیانی مەست و بێدارانی شەو .

**6ـ4.پارتیکلە بەستنەوەییەکان ـ Connecting Particles.**

ئەندامانی ئەم جۆرە پارتیکلانە لە" هەروەها ـ also"،" لەگەڵ ئەوەی" ،"لەکاتێکدا"،" کاتێ"...تاد، پێك دێن، ئەمانەش بۆ بەستنەوە و گرێدانی ڕستەکان بەیەکەوە بەکاردێن، جا ئەو ڕستانە ئەرێی بن یان نەرێی، پرس بن، یا سەرسورمان ...تاد(I.Hajiyev:2008:434). بۆنمونە:

37ـ هەروەها سیماش بەدرێژای کات بێ دەنگ بوو.

38ـ ماموستا ئارامی خۆش نەدەویست، لەگەل ئەوەی زیرەکیش بوو.

**2.دیاردەی واتایی لەپارتیکل :**

فرەواتایی دیاردەیەکی واتاییە، کە دەچێتە نێو تەمومژی واتاییەوە، لەزماندا بەشێوەیەکی بڵاو بەرچاودەکەوێ، تەمومژی واتاییش کاتێك ڕوودەدات، کە تێگەیشتن لەلای گوێگر دەکەوێتە بارێکی گوماناوی، یاخود کۆسپ دەکەوێتە بەردەم تێگەیشتن، ئەوەش ڕوونە، کە کردەی تێگەیشتن ئەو کاتە ڕوودەدات، کە واتای هێماکان لەلای قسەکەر و گوێگر وەك یەك بن، ئەمەش لەڕێگەی ئەو ڕێکەوتنانە دەبێت، کە کۆمەل لەسەر واتای هێماکان ڕێککەوتوون، بەڵام ئەگەر هاتوو واتای ئەوهێمایانە وەکو خۆی نەگات بەگوێگر، ئەو کات دیاردەی تەمومژی یا لێڵی لەواتادا ڕودەدات(بەواتایەکی تر هەرکاتێك گومان لەمێشکی گوێگردا لەبارەی ئەو هەواڵە یان زانیارییە دروست بوو، کە قسەکەر ئەیەوێت بیگەیەنێت، ئەوا ئەبێ تەمومژ هەبێت لەو هێمایانەی بەکارهێنراون بەمەبەستی واتا گەیاندن)(سعید: 1989: 52). ئەمەش زیاتر لەو بارانەدا ڕوودەدات، کە تاکە فۆرمێك زیاتر لەمەبەستێك بگەیەنێ، ئەم دیاردەیەش پێی دەوترێت تەمومژ، کە(دیاردەیەکە، کە یەك زنجیرەوشە دوو یان زیاتر لەواتایەك لەخۆبگرێ)( Trask:1993:13). بەشێوەیەکی گشتی ئەم دیاردەواتاییە لەدوو ئاستی زمانیدابەدیدەکرێت(Matthews:2007:16):

**1ـ ئاستی لێکسیکی/ فەرهەنگی 2 ـ ئاستی سینتاکس**

مەبەست لەجۆری یەکەم ئەو لێلی و تەمومژییانە دەگرێتەوە، کە بەسەر وشە و لێکسیمەکانی زماندا دێت، چونکە(لەفەرهەنگدا زۆرجار وشەکانی زمان بۆ چەند مەبەستێك بەکاردێن)(حسێن: 2019: 114). بەواتایەکی تر(ئەم بۆچوونە کاتێك بەکاردێت، کە فۆرمێك چەند واتایەکی هەبێت، دوو جۆرە تەمومژی واتایی هەیە، هەرچەندە بەئاسانی لەیەکتر جیاناکرێنەوە،

**1ـ فرەواتایی ـ Polosymy. 2 ـ هاوبێژی ـ Homonymy** (فتاح: 2011: 174).

فرەواتایی دیاردەیەکی زمانییە پەیوەندیی بەواتاوە هەیە و دەچێتە ناو لێکۆلینەوە سمانتیکییەکانەوە، لەکاتی بوونی هەر وشەیەکی فرەواتا ئەوا دیاردەی تەمومژی واتایی لەئاستی وشەدا ڕوودەدات، لەبەرئەوەی پارتیکلەکان کەرەسەیەکی واتاداری ڕاستەوخۆی زمان نین، بەڵکو وەکو وشەیەکی ئەرکی دەناسرێن، بۆیە ئێمە زیاتر پشت بەڕستە دەبەستین، وەکو سنور وچوارچێوەیەك بۆ ڕونکردنەوەی دیاردەی فرەواتایی ، ئەمەش لەبەرنەبوونی ئەو واتا سەربەخۆییەی، کە پارتیکلەکان خاوەنی نین، هەر بۆیە هەوڵدەدەین لەچوارچێوەی ڕستەدا دیاردەکە ڕوونبکەینەوە، لەگەڵ ئەوەی زۆرجار (فرەواتایی سیاق و هێز و ئاوازە لێلییەکەی دەڕەوێنیتەوە)(فتاح، قادر: 2006: 64)، بەڵام ئێمە ناتوانین پارتیکلەکان بەتەنها وەکو تاکە وشەیەك وەربگرین بۆ ڕونکردنەوەی ئەم دیاردە واتاییە، بۆیە وەکو پێویستییەك، بۆ ڕونکردنەوەی دەیخەینە سنوری ڕستەوە. بۆ گەیاندنی واتا و مەبەستە جیاوازەکانی

پارتیكلەكان. لەناو ڕستەدا پشت بەو وشە و لێكسیمانە دەبەستین، كە كەوتوونەتە دەوروبەری پارتیكلەكانەوە، ئەم دیاردەیەش لەزماندا بەشێوەیەكی جیاواز لەبارەیەوە دواون، زۆرجار لەگەڵ هاوبێژ تێكەڵ بەیەكتری دەكرێن، بەو پێیەی، كە هاوبێژیش دیاردەیەكی واتاییە و دەچێتە خانەی وشە و لێكسیمە تەمومژەكانەوە، لەگەڵ ئەوەی بەشێك لەسەرچاوەكان ئاماژە بەو نزیكییەی نێوانیان دەكەن و جیاكردنەوەیان بەكارێكی ئاسان دانانێن، بەڵام دەكرێ لەڕێگەی چەند وردەكاری و تایبەتمەندی هەریەكەیانەوە سنور لەنێوانیان دابنرێن.

1ـ فرەواتایی نیشانەیەكی تایبەتی لێكسیمەكانە كاتێك پەیدا دەبێ، كە فۆرمێك دوو یان زیاتر لەدوو واتای جیاواز لەزماندا بخاتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، كە مەرج نییە فرەواتایی تەنیا لەوشەدا ببینرێ، بەڵكو هەندێجار لەیەكەی بچوكتر وهەندێجار لەیەكەی گەورەتردا دەبینرێ، بۆ نمونە، مۆرفیمی"ە" لەبەرئەوەی لەدەركەوتنەكانیدا فرە ئەركە كەواتە وەكو كەرەسەیەكی فرەواتاش مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت، بەوپێیەی لەزمانەوانی نوێدا ئەرك یەكسانە بەواتا، وەك:

1ـ من بردوومە.( مۆرفیمی كاتی ئێستایە). 2ـ ئەوپیاوە نەهات.( پاشبەندی ئا. نیشانەیە) 3ـ كورە لەپرخۆی كردبەژوردا.( ئەلۆمۆرفی /ەكە/ یە)

2ـ ئەو وشانەی، كە زۆر بەكاردێن زیاتر توانای ئەوەیان هەیە ببنە فرەواتا، وەكو وشەی (بەربوون)، بەڵام هاوبێژ بەشێوەیەكی گشتی لەو زمانانەدا زۆر بەكاردێن، كە وشەی یەك برگەیی، یان یەك مۆرفیمیان زۆرە، كە زمانی كوردی ناگرێتەوە.

3ـ(ئەم دووجۆرە تەمومژی واتاییە لەگرینگیدا وەك یەك نین، فرەواتایی كورتی نییە لەزماندا بەڵكو تایبەتییەكی گرینگیتی، ئەگەر فرەواتایی نەبێت دەبێت بۆ هەموو واتایەك وشەیەك هەبێ، هاوبێژی بەپێچەوانەوە بەهیچ جۆرێك پێویست نییە لەزماندا، زمان دەتوانێت بەبێ وشەی هاوبێژ بێت و لەڕاستیشدا وا بەتواناترە) ( فتاح :2011: 174).

4ـ بۆ جیاكردنەوەی هەریەك لەفرەواتایی و هاوبێژی پێویستمان بەدوو ڕێگای سەرەكی دەبێت:

أ / لەڕێگەی ڕەچەڵەك و نەژادی وشە (احصل الكلمه/ Etimology). واتە كاتێك دوو وشە فرەواتا دەبن، كە لەبنچینەدا یەك بوون، واتە بنچینەمێژووییەكەیان یەك شت بێ بەو واتایەی تاكە وشەیەك زیاتر لەواتایەكی هەبێت، بەڵام هاوبێژ دوو وشەی سەربەخۆنە، كە هەمان شێوە وفۆرمیان هەیە.

ب / گواستنەوەی واتا( الانتقال الدلالی). واتە كاتێك وشە فرەواتا دەبێت، كە واتا جیاوازەكانی لەیەك واتاوە وەرگیرابن، یان پەیوەندی واتاییان بەیەكەوە هەبێ، بەمەش(لەفرەواتاییدا وشەیەك وەها مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت، كە چەند واتایەكی سەرەكی"واتای بنجی و واتای وەرگیراو لەبەكارهێنانی مۆرفۆلۆژیی وسینتاكسیدا هەبێت.بۆنمونە:وەك((گەورە))بەواتابنجیەكانی ((گەورەو بچوكی قەوارەو تەمەن))ەوە،بەواتای لاوەكی((دەسەڵات))ەوە)(مەحوی: 2009: 51).واتە(بەكارهێنانی وشەیەك بۆ گەیاندنی واتایێك، جگە لەواتا بنەرەتیەكەی، خوازەش ڕێگایەكی ترە بۆجیاكردنەوەی هاوبێژی و فرەواتایی)(فتاح، قادر: 2006: 68).جگە لەمانەش بۆجیاكردنەوەی هاوبێژ لەفرەواتا سود لەدەروازە فەرهەنگییەكانیان وەردەگیرێ،بەجۆرێك(ئەگەر وشەكە هاوبێژبوو، دەبێ لەفەرهەنگدا بەپێی ژمارەی وشەهاوبێژەكە دەروازەی بابەتەكان دابەش بكرێت، واتە بەدوو دەروازە یان زیاتر بنوسرێت، بەڵام ئەگەر وشەكە فرەواتابوو یەك دەروازەی بۆ دادەنرێت، چونكە حسابی یەك وشەی بۆ دەكرێت)(حسێن: 2019: 118).بۆنمونە:

ئازار (1) : مانگی مارت / ـ ڕۆژ : ڕۆژەكانی هەفتە

ئازار(2) : ئێش و ژان ⟵ هاوبێژ / خۆر ⟵ فرەواتا

5ـ لەڕێگەی بوونی تەمومژی:ڕێگایەكی ترە، كە(دەكرێتە پێوەر بۆجیاكردنەوەی ئەو دیاردەیە، بۆنمونە لەڕستەیەكی وەك:

4ـ ئاسۆ وەك ئارام ناخوێنێ. كەرەسەی/ نا / گەلێك ئەگەر دێنێتە كایە:

4/ أ ـ ئاسۆ و ئارام هەردووكیان ناخوێنن.

4/ ب ـ ئاسۆ وەك ئارام باش ناخوێنێ.

4/ ج ـ ئاسۆ وەك ئارام خراپ ناخوێنێ.) (فتاح، قادر: 2006: 68).لەبەرئەوەی هەریەك لەهاوبێژ و فرەواتا تەمومژی لەزماندا دروستدەكەن، بەڵام هاوبێژی زیاتر تەمومژی و ناڕوونی لەزماندا دروستدەكات، لەگەڵ ئەوانەشدا(نە فرەواتای و نەهاوبێژی نابن بەهۆی تەمومژی تێكدەر لەزماندا، چونكە چوارچێوەی قسە زۆرشت ڕوون دەكاتەوە)(فتاح: 2011: 172) .

**1-2. فرە واتایی پارتیکلەکان ـ Polysemantic Particles:**

فرەواتایی یەکێکە لەناسراوترین دیاردە واتاییەکان لەزماندا، کەچەمکەکە لەبنەڕەتدا(زاراوەیەکی یۆنانییە لە"Poly"بەواتای"زۆر"یان "فرە"،" Semy"بەواتای"واتا" پێکهاتووە)( سعيد: 1989: 54). وەکو دیاردەیەکی زمانیش ئاماژەدانە بە(چەندین چەمك و مانای جیاواز، کە خاوەنی یەك فۆرمی فۆنۆلۆجین) (Riemer:2010:161). واتە(تاکەوشەیەك دوو واتا، یان زیاتر لەخۆ دەگرێ) (Matthews:2007:308). ئەو فۆڕمە وشەییەی، کە وەها پەیوەندییەك سازدەدات(لەفەرهەنگدا بەیەك وشە دەنوسرێ و ژمارەی بۆ دادەنرێ)(حمدامين :2013: 73). واتە وشە فرەواتاکە لەفەرهەنگدا یەك دەروازەی فەرهەنگی هەیە و لەبنەڕەتدا یەك ڕەگ و نەژادەوە پەرەیان سەندووە، کەوایە فرەواتای(چەمکێکە لەشیکردنەوە سیمانتیکییەکاندا بەکاردێت، کەئاماژەدانە بەڕەگەزێکی فەرهەنگی، کە کۆمەڵێك واتای جیاواز لەخۆدەگرێ)(Crystal:2003:359). لەبەرئەوەی فرەواتایی دیاردەیەکە کۆمەڵێك واتای جیاواز لەدەوری تاکە وشەیەکدا کۆدەکاتەوە، کەواتە فرەواتای تەمومژی لەزماندا دێنێتەکایەوە، کاتێك بەتەنها وەکو کەرەسەیەکی فەرهەنگی لەئاستی لێکسیکدا بەدەردەکەوێت، بەڵام دەکرێ ئەم تەمومژییە بەخستنە ناو سیاق و چوارچێوەیەکی ئاخاوتنەوە بڕەوێتەوە، بتوانرێت بەئاسانی واتاجیاوازەکانیان دیاربکرێن، چونکە خودی(فرەواتایی لەچوارچێوەی ئەو وشەیەدا دەردەکەوێت، کەچەند واتایەکی پەیوەست بەیەکەوەی هەیە)( صفوی : 2020: 101). کاتێکیش تاکە فۆڕمێك زیاتر لەواتایەك لەخۆبگرێت، کەوایە زیاتر لەمەبەست وبەکارهێنانێکی دەبێت، بەمەش زیاتر لەئەرکێك ئەنجامدەدا، لەگەڵ ئەوەی فرەواتایی بەشێوەیەکی گشتی تائێستا هەر لەسەرئاستی وشەفەرهەنگییەکاندا باسلێکراوە و ناسێنراوە، بەڵام دەکرێ وڕێتێدەچێ کەوا وشە ئەرکییەکانیش بتوانن وەها پەیوەندییەکی واتای لەزماندا فەراهەم بکەن، چۆن توانای ئەوەیان هەیە، کەواتا بەغەیری خۆیان بدەن بەهەمان شێوە لەتوانایاندا هەیە، کە واتای جیاوازیش بەغەیری خۆیان بدەن، تاکە جیاوازییەکیان لەگەڵ وشەفەرهەنگیەکان لەوەدایە، کەوا وشە ئەرکییەکان بۆ دیارخستنی وەها دیاردەیەك پێویستییان بەوەیە، کەوا لەسنوری ڕستەدا بەکاربرێن لەبرێ ئەوەی لەسنوری تاکە وشەیەکدا، بەم پێیەی پارتیکلیش جۆرێکە لە"وشەی ئەرکی"، کەوایە وشە ئەرکییەکانیش خاوەنی وەها توانایەکن، کە بەشێك لەئەندامەکانی ببن بەفرەواتا و هەموو سیماکانی فرەواتایی هەڵبگرن، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین، کە بەشێك لەپارتیکلەکان هەڵگری سیمای فرە واتایین، لەگەل دەرکەوتنیان لەسیاق و جێکەوتەی جیاوازی ڕستەدا، ئەوا واتای جیاوازیش دەدەن، لەدیارترینیان هەر دوو پارتیکلی"تەنیا ـ Only"،"بەس ـJust"ن، بۆ ئەوەی زیاتر ڕوونی بکەینەوە هەر یەکەیان لەهەر دوو جۆرە واتاییەکەی، پارتیکلی سنورداری و پارتیکلی جەختکردنەوەدا بەراورد دەکەین:

**2 ـ1/ أ . پارتیکلی سنورداری " تەنیا":**

لێرەدا" تەنیا"وەکو پارتیکلی سنورداری بەکاردێنین، لەگەڵ بەشە جیاوازەکانی ئاخاوتندا، بەسود وەرگرتن لەدەرکەوتنیان لەجێکەوتەجیاوازەکانی ڕستە، بۆ نمونە:

5/أ ـ تەنیا دایکم لەماڵەوە بوو.

ب ـ دایکم لەماڵەوە تەنیا بوو.

لەڕستەی(5/أ)دا، پارتیکلی"تەنیا"سنوردانانە لەوەی، کە جگە لەدایکم کەسێکی تر لەمالەوە نەبوو، بەڵام لەڕستەی(5/ب)دا، لەگەڵ گۆڕانی جێکەوتەی پارتیکلەکە ئەرك و واتاش گۆڕاوە، کەپارتیکلی"تەنیا"چۆتە ژێر سەرەی حوکمکەری کار و حوکمی لێوەردەگرێت، واتای ڕستەکەش لەسنوردارکردنی کەسەوە بووە بەسنوردارکردنی خودی کەسەکە، کە بکەری ڕستەکەیە، واتای ئەم ڕستەیە بریتییە لەوەی، کە دایکم هەمیشە هەر تەنها بووە لەگەڵ ئەوەی لەدەوروبەری کومەڵانێك کەس هەبوونە. لەبارەی دەرکەوتنی پارتیکلی" تەنیا" لەشوێنی جیاوازەوە تیپینگ"Tipping"پێیوایە(کە هاتنی وشەی"تەنیا ـ Only"لەشوێنی جیاوازی ڕستەدا، کار دەکاتە سەر واتای ڕستەکە و گۆڕانی واتا لە ڕستەکەدا ڕوودەدات)(Tipping.L: 1968:6) ، بۆ نمونە:

6/ أ ـ من تەنیا بەشاخەکەدا سەرکەوتم.


ب ـ من بەشاخەکەدا تەنیا سەرکەوتم .

ت ـ تەنیا من بەشاخەکەدا سەرکەوتم.


لەنمونەکانی (6أ ب ت)دا، بەهۆی دەرکەوتنی پارتیکل لەجێکەوتە جیاوازەکاندا، ئەوا واتای جیاوازی بە ڕستەکان بەخشیوە، ئەگەر لەڕووی سینتاکسەوە بڕوانینە پێکهاتەی هەریەك لەڕستەکانی(6/ أ، ب، ت) دا، ئەوا دەبینین پارتیکلەکان بەتەنیشت ئارگیومێنتی جیاوازەوە دەرکەوتوون و بەهۆی دەوروبەرەزمانییەکە و پەیوەندییە سینتاگماتیکیەکەیەوە خۆی بەو ئارگیۆمێنتە دەبەستێتەوە، کە لێیەوە نزیکە بەمەش دەکەوێتە ژێردەسەڵاتی کەرەسە حوکمکارەکەوە، کە سەرەی ئەو فرێزەیە، کە پارتیکلەکە چۆتە تەنیشتیەوە،

بۆنمونە لەڕستەی( 6/ أ )دا پارتیکلی"تەنیا" کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی کەتیگۆری فرەیزە بەندەکە و حوکمی لێ وەردەگرێ، کەوایە سەرەی فرەیزە بەندەکە حوکمی پارتیکلەکە دەکات و وەچەی ئاڕاستە دەکات، لەپاڵ ئەمەشدا پەیوەندییەکی سیمانتیکی پتەو لەنێوان کەرەسەکان دروست دەبێت، چونکە(پەیوەندی سیمانتیکی بەهۆی یەکەکانی ناو پێکهاتەکەوە، کە ڕیزبوونێکی سینتاکسییە، بەپێی تایبەتمەندی زمانەکە و ڕۆڵ و حوکمی ئارگیۆمێنتەکان ڕیزدەبن، پەیوەندییەك لەنێوان ناوەڕۆکی یەکەکانی ناو پێکهاتەکە دروست دەبێت، ئەم پەیوەندییە شێوازە پەیوەندی دروستەیی نێوان وشەکانی پەیوەست بەیەکەوە ڕووندەکاتەوە)(حمەکریم: 2015: 39). بەم پێیەش واتای سیمانتیکی ڕستەی (6/أ) جیاوازە لەواتای سیمانتیکی هەریەك لەڕستەکانی (6/ب)و(6/ت) دا، چونکە لەڕستەی (6/أ)دا ڕستەکە واتای ئەوە دەخاتەوە کە" من بەس بەشاخەکەدا نەوەك شتەکی تر سەرکەوتم" و لەڕستەی (6/ب) یش مەبەستە واتاییەکەی ئەوەیە کە"من کاتێك بەشاخەکەدا سەرکەوتم تەنیا بووم و کەسی ترم لەگەڵ نەبوو"، جگە لەوەی، کە واتاکەی گۆڕاوە ئەوا پارتیکلی"تەنیا"شوێن و کەرەسە حوکمکەرەکەشی گۆڕاوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی، کە شوێنی پارتیکلەکە چۆتە تەنیشت کاری ڕستەکەوە بەمەش ئەرگیۆمێنتی کار حوکمی دەکات و لەژێر دەسەڵاتی ئەودا دەبێت، لەڕستەی (6/ت)یشدا بەهەمان شێوە هەم واتای ڕستەکە و هەم کەرەسە حوکمکەرەکەشی گۆڕاوە، بەجۆرێك کەوا پارتیکلی"تەنیا" کەوتۆتە ژێر حوکمی ئەرگیۆمێنتی ناوەوە، بەمەش حوکم لەسەرە حوکمکەرەکەی وەردەگرێت لەسنوری فرەیزی ناویەکەدا، واتای سیمانتیکی ڕستەکەش گۆڕانی بەسەرداهاتووە، کە برتییە لەوەی"من لەنێو هەموویاندا توانیم بەشاخەکەدا سەربکەوم، واتە تەنها من و بەس نە ئەوانی تر". بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی هەریەك لەم نمونانە هێلکاری درەختی ڕستەکان بەم شێوەیە دەخەینەڕوو:


6/ من تەنیا بەشاخەکەدا سەرکەوتم.




6/ ب : من بەشاخەکەدا تەنیا سەرکەوتم.




6/ ت ـ تەنیا من بەشاخەکەدا سەرکەوتم.




هێلکاری ژمارە (2)

واتای سیمانتیکی،کەواتای زمانی دەگرێتەوە.پێویستی بەدەوروبەری زمانی هەیە، تاوەکو بتوانێ واتای دروستی ڕستەکە و مەبەستی دەربڕینەکان بگەیەنێ، دەوروبەری زمانیش هەریەك لەواتای ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە ڕستەکەیان بەرهەمهێناوە، واتای هەر وشەیەکیش لەسەر بنەمای پەیوەندی سیمانتیکی هەر وشەیەکی ترەوە دیاردەکرێت، چونکەپەیوەندی سیمانتیکی(پەیوەندییەکی شاراوەیە لەنێوان ناوەڕۆکی دەربڕینەکاندا، کە لەوشەو ڕستەی زمانە سروشتییەکاندا هەیە، پەیوەندییەکە واتای وشەکە دەگونجێنێ لەگەڵ کەرەسەکانی تری ناو ڕستەکە)(حمەکریم:2015: 39). بۆ ئەوەی ئەوپەیوەندییە واتاییانەی، کە لەنێوان کەرەسەکاندا هەیە باشتر درکپێبکەین، ئەوا پێویستمان بەهەریەك لەپەیوەندییەواتاییەکانی، وەکو هاوواتایی و هایپۆنیمی و سینۆنیمیی"فرەواتایی/فرەسێمی"دەبێت. کەوایە فرەواتایش یەکێکە لەو دیاردە گرینگانەی، کە پێویستن بۆ بەرهەمهێنانی واتایەکی دروست لەڕستە و دەربڕینەکاندا، چونکە ئەگەر واتای دروستی وشە فرەواتاکەت لەسنوری بەکارهێنانەکەی درك پێنەکرد ئەوا تەمومژی واتایی دێتەئاراوە، ئەم درکپێکردنەش دەوەستێتە سەر ئەو دەوروبەرە زمانییەکەی، کە وشەکەی تێدا بەکارهاتووە. وشەفرەواتاکان لەزماندا ڕێژەیەکی دیاریکراونین و پۆلێکی دیاریکراویشیان نییە، دەکرێ لەهەر پۆلێکی زماندا وشەیەك هەڵگری سیمافرەواتاییەکان بێت، بەو پێیەی پارتیکلیش بەشێکی دیار و جیاکراوەی زمانە بۆیە ڕێتێدەچێ، کە بەشێك لەئەندامەکانی وەها توانایەکییان هەبێت، ئەمە لەپاڵ ئەوەی، کە پارتیکلەکان وشەی ئەرکین و زیاتر ئەرکدارن لەوەی، کەواتاداربن، بەڵام بەهۆی بەیەکەوەهاتنیان لەگەڵ ئارگیۆمێنتەکانی تر لەناوڕستەدا، ئەوا توانادارە، کە دیاردەی فرەواتایی فرەسێمی بە کەرەسە و ئارگیۆمێنتەکانی تەك خۆیەوە بدات، لەگەڵ ئەوەی(پەیوەندییە واتاییە تەکنیشینەکان لەباری ئاساییدا هەر دەربڕینێکی زمانی هەمیشە تەواو یەك واتا دەخرێتە تەکی// یەك واتای بۆ دادەنرێ)(مەحوی: 2009: 132). بەڵام لەهەندێ باردا واڕێکدەکەوێ بەهۆی هاتنی ئەو کەرەسەیەی، کە لەتەك وشەکانەوە هاتوون زیاتر لەواتایەك بەکەرەسەکە بدەن و تەمومژییەکی واتایی بخەنەوە، کەبۆ ڕونکردنەوەیان پێویستمان بەدەوروبەری زمانی و لێکدانەوەی سیمانتیکی وشە و ڕستە و دەربڕینەکان بێت، چونکە هەروشەیەك، کە لەپاڵ وشەیەکی تری هاونزیکیدا هاتووە تایبەتمەندییەك و واتایەکی تایبەتی پێدەدات، کە لەڕێگەی ئەو تایبەتمەندییەوە دەتوانی ناوەڕۆکی وشەکەو واتای وشەکە دەستنیشان بکەی، بەبەڵگەی ئەوەی ئەو وشەیە واتاکەی خۆی لەڕوانگەی واتای وشە نزیکەکانی خۆیەوە جێگیردەکات، ئەوەش خستنەڕوویەکی ئاشکرایە، بۆئەوەی، کە وشەکان تەنیا قەتیس ناکرێن بەواتا فەرهەنگیەکانیانەوە("ترێر"پێیوایە، کە سنوربەندی نێوان واژەکان و پۆلینکردنیان بۆ دیاریکردنی بەهای وشەکانە لەناو سیستەمێکدا، نابێت وشەکان بەشێوەی تاك لەهەوادا لێکبدرێنەوە، بەڵکو پێویستە پەیوەندی هەر وشەیەك بەوشەیەکی دیکەوە لەبەرچاوبگیرێت، سنوربەندی هەر وشەیەك و دەستنیشانکردنی واتاکەی تەنها کاتێك دەبێت، کە وشەکانی پەیوەست بەو وشەوە سنوربەند بکرێن،"ترێر" نمونەی زەوییەك دەهێنێتەوە، کە مۆزایککراوە، کە هەریەك لەو مۆزایکانە ڕێکی و جوانییەکەی بەندە بەدانانی ئەوانی ترەوە، چونکە بەتەنها هیچ سیمایەکی جوان بەزەوییەکە نابەخشێ، زانیارییەکانی مرۆڤ، کە لەڕێگەی زمانەوە دەریان دەبڕێت وەك ئەو مۆزایکانە وایە، کە لەگشتدا وێنەیەکیان پێکهێناوە، کە ڕێکی و جوانییەکی بەخشیوە بەپەیوەندی پێکهاتەزمانیەکان/وشەکان، کە یا تەکنیشینیە، یاجێنیشینییە)(حمەکریم:2015: 38). پارتیکلەکان بەشێوەیەکی گشتی واتاکانیان بەندە بەو وشانەی، کە لەدەوروبەرییان دێن لەهەمان کاتدا خۆشیان واتا بەو وشانە دەدەن، لەکاتێکدا خۆیان کەرەسەیەکی واتادارنین/کەم واتان لەزماندا، بەمەش بەیەکەوە وێنەیەکی واتایی دروست بەرهەمدەهێنن، بۆ نمونە:

7/ أ ـ تەنیا سیما لەزمانی کوردی دەرچووە.


ب ـ سیما تەنیا لەزمانی کوردی دەرچووە.

ت ـ سیما لەزمانی کوردی تەنیا دەرچووە.


ئەگەر سەرنج بدەینە نمونەکانی(7/ أ ب ت) دا، دەبینی هیچ کام لەڕستەکان واتایان وەك یەك نییە، بەڵکو لەهەر ڕستەیەکدا واتا گۆڕاوە ئەمەش بەهۆی بوونی وشەیەکی فرەواتا، کە لەگەڵ گۆڕانی شوێنی بەکارهێنانی واتای ڕستەکەی گۆڕیوە، ئەم وشەیەش پارتیکلی"تەنیا"یە، هەرکاتێك جێکەوتەی گۆڕاوە، یەکسەر کاری لەگۆڕینی واتاشکردوە، ئەمە جگەلەوەی، کە لەڕووی سینتاکسیشەوە گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، کە لەهەر بارێکدا سەرە حوکمکەرەکەشی گۆڕاوە و کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی کەرەسەیەکی حوکمکەری جیاوە، ئەگەر سەرنج لەواتا سیمانتیکییەکانی هەریەك لەم ڕستانەی سەرەوە بدەین دەبینین، لەڕستەی(7/أ)دا واتاسیمانتیکییەکەی ،بریتیە لەوەی، کە"جگە لەسیما هیچ کەسی تر لەزمانی کوردی دەرنەچووە"و لەڕستەی(7/ب)یشدا، واتاکەی گۆڕاوە، کە بریتیە لە"سیما بەس لەزمانی کوردی دەرچووە ولەوانەکانی تر کەوتووە"و لەڕستەی(7/ ت)یشدا دیسانەوە واتاکەی لەوانی تر جیایە، کە بریتیە لەوەی"سیما لەزمانی کوردی تەنیا دەرچووە وپەڕیوەتەوە بەبێ ئەوەی نمرەیەکی باشی لەوانەکە هێنابێ"، بوونی ئەم

واتاجیاوازانەش لەئەنجامی ئەو بەیەکەوەهاتن و نزیکییەی پارتیکلی"تەنیا"یە، لەگەڵ ئارگیۆمێنتەکانی تری ناو ڕستەکە، ئەگەرنا لەناو ڕستەکەدا هیچ کەرەسەیەك نەگۆڕاوە، بەڵکو تەنها شوێنی پارتیکلەکە گۆڕاوە و هەرجارە و چۆتە تەنیشت کەرەسەیەکەوە، کـە ئـەم چوونە تەنیشت کەرەسـەجیاوازانە وایکـردووە، کـە کاریگـەری سینتاکسـی و سـیمانتیکی جیـاواز لەناوڕسـتەکەدا بخاتـەوە. بـۆ زیـاتر ڕونکردنەوە سەیری هێلکاری ژمارە (3) دەکەین:

**7/أ- تەنیا سیما لەزمانی کوردی دەرچووە.**





**7/ب - سیما تەنیا لەزمانی کوردی دەرچووە.**




هێلکاری ژمارە (1)

**7/ت - سیما لەزمانی کوردی تەنیا دەرچووە.**




هێلکاری ژمارە (3)

ئەگەرسەرنج بدەینە ئەم هێلکارییانە لەرووی سینتاکسەوە ئەوەمان بۆروندەبێتەوە، کە کەرەستە حوکمکەرەکانی پارتیکلەکان گۆڕاون لەگەڵ گۆڕینی جێکەوتەی پارتیکلەکە لەهەربارێکدا، ئەمەش کاریگەری لەسەر سیمانتیکی ڕستەکەش کردوەو واتای جیاوازی بەڕستەکان بەخشیوە، بۆیە"تەنیا"وەکو پارتیکلێك فرەواتایە وتوانای گۆڕینی واتای ڕستەشی هەیە بەپێی ئەو دەوروبەرەزمانییەی کەتێیدا بەکارهاتوە واتاکەی ڕوندەبێتەوە،ئەگەرسەیری نمونەی 8 بکەین، دەبینین هەمان شتە، هەم لەڕوی کاریگەرە ڕێزمانی و کاریگەرییە سیمانتیکییەکەشی:

8/ أ‌ـ ئازاد تەنیا لەدرەنگانی شەودا کاردەکات.

ب ـ تەنیا ئازاد لەدرەنگانی شەودا کاردەکات.

ت ـ ئازاد لەدرەنگانی شەودا تەنیا کاردەکات.

**2 ـ1/ ب . پارتیکلی جەختکردنەوەی" تەنیا":**

لەم حاڵەتدا پارتیکلی"تەنیا"بەمەبەستی جەختکردنەوە و چڕکردنەوەی کاری کردەکە بەکاردێت، لەهەندێ باردا لەگەڵ ئامرازی بەستنەوەی"ئەگەر ـ IF"دا ڕۆڵەکەی دەستە بەر دەکات،(کاتێك پارتیکلەکان دەکەونە سەرەتای ئاخاوتنەوە زیاتر واتای جەختکردنەوە دەدەن(Tipping:1964:16). بۆ نمونە:

9 ـ تەنیا هاتبایت، هەموو شتێکت دەزانی.

10 ـ تەنیا قسەت نەکردبا، کارەکە وای لێنەدەهات.

11ـ تەنیا جوانی بەس نییە.

لەنمونەکانی (9،10،11)دا، زیاتر مەبەست لێ جەختکردنەوە و دڵنیابونەوەی کردەکەیە، کە لێرەدا پارتیکلی"تەنیا"وەها ڕۆڵێکی بینیوە، لەڕستەی(9)دا مەبەستی ئەوەیە "ئەگەر خۆت بەس هاتبایت هەموو شتێکت دەزانی" لێرە جەخت لەوەدەکاتەوە، کە بە هاتنت هەمو شتێکت بۆ ڕووندەبۆوە و ڕاستیەکەت دەزانی، لەنمونەی(10)میشدا بەهەمان شێوە مەبەست لێی دڵنیابوون و جەختکردنەوەیە کەوا تەنیا قسەت نەکردبا کارەکە بەرەو ئەنجامێکی خراپ نەدەڕۆیشت، لەڕستەی(11)دا، واتای ڕستەکە جەختکردنەوەیەکی تەواو و بێ دوودڵی و گومانە، کەوا جوانی هەمووشتێك نییە، بۆیە لەوەها بارێکدا پارتیکل واتای جەختکردنەوە دەدات، لەبونی هەر کردەیەك کە دەدرێتە پاڵی.

**2 ـ 2/ أ . پارتیکلی سنورداری" بەس ـ " Just**


بەهەمان شێوەی پارتیکلی سنورداری"تەنیا" لێرەدا پارتیکلی"بەس"وەکو پارتیکلی سنورداری بەکاردێت، بەسودوەرگرتن لەجێکەوتەجیاوازەکانی ناو ڕستە، بەڵام ئەم پارتیکلە بەشێوەیەکی گشتی کاتێك ئاماژە بەواتای سنوردارکردن دەدات، کە لەپێش ژمارە، یان هەر بەشێکی تری ئاخاوتن، کە ئاماژە بەژمارە بکات بێت، بۆ نمونە:

12/أ‌ـ باوکم بەس پێنج هەزاری بە براکەم دا.


ب ـ بەس باوکم پێنج هەزاری دا بە براکەم.

لەم نمونانەی سەرەوەدا دەرکەوتنی پارتیکلەکان لەجێکەوتە جیاوازەکانی ناو ڕستەدا بۆتە هۆی ئەوەی لەڕووی سینتاکس و سیمانتیکەوە کاریگەری جیاواز دروستبکات، لەئەنجامی ئەم کاریگەرییە جیاوازانەدا هەم واتای جیاوازی خولقاندوە و هەم پەیوەندی ڕێزمانی جیاواز. بەجۆرێك لەڕستەی 12/أ دا پارتیکلی"بەس" کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی سەرەی فرەیزێکی ناوی و هەر لەلایەن ئەو سەرەیەشەوە حوکم دەکرێ، لەکاتێکدا لەڕستەی(12/ب)دا پارتیکلی"بەس"جێکەوتەکەی گۆڕیوە چۆتە ژێر حوکمی سەرەی فرەیزێکی ترەوە، بەم جێکەوتە گۆڕینەی پارتیکلەکە واتای سیمانتیکی ڕستەش گۆڕاوە، کە لەڕستەی(12/أ)دا واتای ڕستەکە بریتیە لە"باوکم تەنیا و تەنیا پێنج هەزاری بەبراکەم داوە نەزیاتر". کە لێرەدا سنوردارکردن" Limitation"ە، کە لە پێنج هەزار نەزیاتر و نەکەمتر، کە سنوردانانەکە بۆ بڕی پارەکەیە، بەڵام لەڕستەی(12/ ب )دا واتای ڕستەکە گۆڕاوە کە مەبەست لێی"لەناو هەمووان بەس و بەتەنها باوکم پارەی بەبراکەم داوە نەکەسی تر". لێرەدا سنوردارکردنەکە بۆ کەسەکەیە کە لەناو هەمووان بەس باوکم پارەی بەبراکەم داوە، لەڕوی سینتاکسیشەوە دەتوانین لەڕێگەی هێلکاری ژمارە(4)ەوە ، جێکەوتە و کەرەسە حوکمکەرەکان ڕوونبکەینەوە:

**12/أ ـ باوکم بەس پێنج هەزاری بە براکەم دا.**




**12/ ب ـ بەس باوکم پێنج هەزاری دا بە براکەم.**




هێلکاری ژمارە (4)

لەم نمونەیەدا ئەوە ڕوونبۆتەوە، کە کەرەسە حوکمکەرەکانی پارتیکلی"بەس" بەپێی گۆڕینی جێکەوتەکەیان گۆڕاوە.لەگەڵ گۆڕینی جێکەوتەکانیان واتاکانیشیان گۆڕاوە. ئەگەر لەنمونەیەکی تری وەك ئەمەی خوارەوە بڕوانین:

13/ أـ دایکم بەس یەك کراسی کری.

ب ـ بەس دایکم یەك کراسی کری.

ئەگەر سەرنج بدەینە نمونەی(13/ أ ،ب)، دەبینین هەمان شتە، کە کاریگەری گۆڕینی جێکەوتەی پارتیکلەکە بۆتە هۆی گۆڕینی واتای سیمانتیکی ڕستەکە و هەروەها گۆڕینی کەرەستە دەسەڵاتدار و حوکمکەرەکەشی. لەڕستەی(13/ أ)دا فرەیزێکی ناوی لەجێکەوتەی بەرکار حوکمی دەکات و لەڕستەی(13/ب)دا فرەیزێکی ناوی لەجێکەوتەی بکەر، واتای سیمانتیکی ڕستەکەش لەڕستەی(13/ أ)دا سنوردارکردنی ژمارەی کرینی کراسەکانە بەپێچەوانەی ڕستەی(13/ب)دا، کە سنوردارکردنی کەسی کریارەکەیە، کەتەنها دایکم و نەکەسی تر لەناو هەمووان کراسەکەی کریوە. کەواتە پارتیکلی"بەس" فرەواتایە بەگۆڕینی جێکەوتەکەی و دەرکەوتنی لە تەك

ئارگیۆمینتێکی تر لەناو هەمان ڕستەدا توانیویەتی واتا و مەبەستی ڕستەکان بگۆڕێ، دەکرێ پارتیکلی"بەس" بەبێ دەرکەوتنی ژمارە یان ئاوەڵکار و ئاوەڵناوێکی ژمارەیش بەهەمان کردە هەڵبستێ، بۆ نمونە:

14/ أ- بەس نازە حەزی لەوەرزشە.

ب ـ نازە بەس حەزی لەوەرزشە.

**2-2/ب. پارتیکلی جەختکردنەوەی" بەس ـ Just "**

پارتیکلی"بەس"وەکو پارتیکلێکی جەختکردنەوە ئەو کاتە بەکاردێت، کە مەبەستی کردەکە بۆ ڕازیبوون، یان بۆ پێویستیەك لەپێویستیەکان بەکارهاتبێ، لێرەدا پارتیکلەکە تەنیا بۆ مەبەستی دڵنیابوون و پێداگرتن لەسەر کردەکە دێت، واتە مەبەستی سەرەکی دڵنیابوون و جەختکردنەوەی هەر ڕوداوێکە کەدەخرێتە پێشییەوە. بۆ نمونە:

15 ـ بەس گوێم بۆ بگرە.

16ـ بەس بزانم کێشەی تۆ چیە؟

17ـ بەس قسەکان هێندە دوبارە مەکەوە!

لەنمونەکانی (15، 16 ،17 )دا، ئاشکرایە کەوا، پارتیکلی"بەس" تەنها بۆ جەختکردنەوە هاتووە، لەڕستەی(15)دا قسەکەر جەخت لەکەسی بەرامبەر دەکاتەوە و دڵنیایی دەکاتەوە، کە بەس گوێی بۆبگری، تاوەکو بتوانی شتەکانی بۆ ڕوونبکاتەوە، ڕستەکە لەسەر شێوەی داواکردن هاتووە، کە خوازیارە گوێی بۆبگیرێ تا بابەتەکەی بۆ ڕوونبکاتەوە" کە لەلای گوێگرەوە ڕوون نییە، لەڕستەی(16)میشدا بەهەمان شێوە قسەکەر لەسەر شێوەی پرسیار دەیەوێ جەخت لەوەبکاتەوە، کەوا گوێگر کێشەکەی خۆی بەدیاریکراوی پێبڵێ تا هاوکاریێت لەچارەسەرکردنی. لەڕستەی(17)دا، لەسەر شێوەی سەرسورمان و داواکردن قسەکەر جەخت لەوە دەکاتەوە، کەوا گوێگر هێندە شتەکان و قسەکانی دووبارە نەکاتەوە، لەبەرئەوەی لەشتەکان و بابەتەکە تێگەیشتوە ئیتر پێویستی بەوەندە وتنەوە و دوبارەکردنەوەنییە.

**3_ئەنجام:**

1ـ پارتیکل بەشێکی سەربەخۆی ئاخاوتنە و دەکەوێتە پۆلی داخراوی وشە.

2ـ پارتیکل وشەبیەکی ئەرکی فۆرم سەربەخۆ و واتا بەندن.

3ـ پارتیکلەکان خاوەنی واتایەکی کەمی فەرهەنگین و بارێکی واتایی جیاواز، کە خۆی لە تەمومژی واتایی "فرەواتایی" دەبینێتەوە دەهێننە نێو زمانەوە.

4ـ واتای سیمانتیکی پارتیکل لەسنوری ڕستەدا بەدیاردەکەون.

**4- لیستی سەرچاوەکان:**

**أـ بەزمانی کوردی:**

1ـ ئەمین، وریاعومەر(2009)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، چاپی دووەم، هەولێر: چاپخانەی ئاراس.

2ـ باتینی، محمدڕەزا(1993)،ئاورێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان، و.حەسەن قازی، چاپ وبڵاوکردنەوەی سوید.

3ـ سعید،بێخاڵ عبدالله(1989)، واتاسازی وشە،نامەی ماستەر،کۆلێژی ئاداب،زانکۆی سەلاحەدین.

4-صفوی،کۆرش،و.شێروان حوسێن خۆشناو(2020)،ناسینی واتا،چاپی یەکەم،هەولێر: چاپخانەی ئاوێر.

5ـ فتاح،محمدمعروف، قادر، صباح ڕشید(2006)،چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، سلێمانی: چایخانەی ڕوون،.

6ـ فتاح، محمد معروف(2011)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر

7ـ حاجی مارف، ئەورەحمانی(2014)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، چاپی دووەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

8ـ حمەکریم، عیرفان مستەفا(2003)،ڕستەی ئاوێتە لەزاری سلێمانی وهەورامیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

9ـ حسەین، شیلان عومەر(2011)،پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیك لەڕێزمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

10ـ حمدامین،بیان ملا(2013)،ڕێبازی ئەرکی وشیکردنەوەی دەق"بۆچوونەکانی دیل هایمز بەنمونە"،نامەی ماستەر،کۆلێژی زمان،زانکۆی سەلاحەدین.

11ـ حمەکریم، نەریمان حسن(2015)،دروستەی سیمانتیك لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

12ـ عەلی، تالیب حسێن(2019)، واتاسازی " چەند بابەتێکی واتای وشە"، چاپی دووەم، هەولێر: چاپخانەی هێڤی.

13ـ عەلی، ابوبکرعومەر( 2007)،پارتیکل لەزمانی کوردیدا،ژمارە(22)ی گۆڤاری زانکۆی سلێمانی.

14ـ مەحوی، محمد(2009)،زانستی هێما، هێما، واتاو واتالێکدانەوە، بەرگی دووەم، سلێمانی: چاپخانەی پەیوەند.

15ـ مەحوی، محمد(2009)،زانستی هێما، هێما، واتاو واتالێکدانەوە، بەرگی یەکەم، سلێمانی: چاپخانەی پەیوەند.

16ـ مەحوی، محمد(2010)،مۆرفۆلۆژیی وبەیەکداچوونی پێکهاتەکان"مۆرفۆلۆژی کوردی"، بەرگی یەکەم، سلێمانی.

17ـ میراودەلی، کمال(2007)،فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، سلێمانی: مەڵبەندی کوردۆلۆجی.

**ب _بە زمانی عەرەبی:**

18ـ شحدة، جهاد، موسي، محمد(2003)، مقدمة في اللغويات المعاصرة، الطبعة الثانية، الاردن: دار وائل للنشر.

19ـ يونس، محمد محمد(2007)،المعني والظلال المعني" الانظمة الدلالة في العربية"، الطبعة الثانية، لبنان، دار المدار الاسلامي، بيروت.

**ت _بە زمانی ئینگلیزی:**

20 - Crystal, D. (1992), AnEncyclopedic Dictionary of Language and Languages, First published, Black well publishers, Cambridge.

21 -Crystal, D. (2003), A Dictionary of Linguistics & phonetics, Fifth edition, Black well publishers.

22- Fitikides T. J. (1976) Common Mistakes in English, Fifth edition, Longman Group Limited.

23- Hajiyev. I. (2008) The Status of Particles in Modern English, issue 4, Volume 2, International Journal of Computers.

24- Ilyish B. (1971), the Structure of Modern English, Leningrad, Prosvescheniya.

25- Jespersen O. (1935) The Philosophy of Grammar, London.

26- Khaimovich B.S., Rogovskaya B.I., (1976), A Course in English Grammar, Moscow, Vyssaja Skola.

27- Matthews, P, H. (2007), Concise Dictionary of Linguistics, Second Edition, Oxford University Press, New york.

28- McCarus, (1985), A Kurdish Grammar, New York.

29- Nick Riemer, (2010), Introducing Semantics, First Published, Cambridge, New york.

30- Swan M. (1998), Practical English Usage, Second Edition, London; Oxford Universty Press.

31- Trask, R. L., (1993), A Dictionary of grammatical terms in Linguistics, London, New York, First Published,

32- Tipping L. (1964), A Higher English Grammar, London, Macmillan & Co. Ltd.

## تعدد المعاني للأدوات فى اللغة الكردية

**بيان ملا حمدامين**
كلية التربية/ مخمور - اللغة الكردية / جامعة صلاح الدين-اربيل
Bayan.hamadameen@su.edu.krd

**تاليب حسين على**
كلية التربية ـ قسم اللغة الكردية / جامعة صلاح الدين-اربيل
talib.husen@su.edu.krd

**ملخص**

الادوات هي إحدى الفئات اللغوية التي تنتمي إلى الكلمات الوظيفية للغة. من سمات هذه الادوات أنها تغير معنى الجملة. تعتمد هذه الميزة على البيئة اللغوية التي تحدث فيها التغير، وهذا بدوره يسبب غموض المعنى ، و خاصة ما تسمى بظاهرة تعدد المعاني. لذلك ، تركز هذه الدراسة على الجوانب الدلالية للادوات . يتم تحليل الأداتين دلاليا داخل الجمل.

هذه الدراسة هي محاولة لتقديم الجانب الدلالي للادوات بناءً على حقيقة أن الأدوات هي عناصر وظيفية وتحمل القليل من المعاني المعجمية.

**كلمات الرئيسية :** أداة حرف، تأكيد، تحديد، تعدد المعاني.

## Polysemy of Particle in Kurdish Language

**Bayan Mala Hamadameen**
Kurdish Department, Education-Makhmur, Salahaddin University-Erbil
Bayan.hamadameen@su.edu.krd

**Talib Husen Ali**
Kurdish Department-Education, Salahaddin University-Erbil
talib.husen@su.edu.krd

**Abstract**

Particle is one of the categories which belongs to functional words of language. One of the features of particle is that they change the meaning of a sentence. This feature depends on the linguistic environment in which they occur. This in turn causes ambiguity, especially the polysemy phenomenon. Therefore, this study focuses on the semantic aspects of particle. Two particles are taken which are analyzed semantically within sentences.
This study is an attempt to present the semantic aspect of particle based on the fact that particles are functional elements and carry little lexical meaning**.**

**Keywords:** Particle, Emphasize, Limit, Polysemy.